# دواڕۆژ

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

٢٠٢٦/٥/١ـ ١١ی گوڵانی ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٨


dwaroj.net

## وتووێژی هاوڕێ ڕەزا کەعبی لەگەڵ گۆڤاری تیشک

### دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئێران



بزووتنەوەی کوردستان چاوەڕوانیی دەرەکیی نەبووە؛ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان ئەو هێزە بزوێنەرەن کە شۆڕشی کوردستان بەرەوپێش دەبەن. بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی و ناوەندە سیاسییە ڕێکخراوەکانی کورد، کەمتەرخەمن لە ئاست گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. یەکێک لەو خاڵە لاوازانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەوەیە کە لەم ٤٧ ساڵەدا، بەپێی قورسایی بزووتنەوەکە، گەورەیی خەباتەکە و ڕادەی خۆڕاگری و تێکۆشانی بزووتنەوەکە، کەمتر لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندە جیهانییەکان و لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا ناسراوە

...بۆ ل٨

## سەروتار

### بزووتنەوەی کوردستان؛ لەنێوان ئاگری قەیران و ئیرادەی سەربەخۆدا

عەزیز ئاجیکەند

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەخێراکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی شەڕی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل، دووبارە ئەم پرسیارە گرنگەیان هێناوەتە پێشەوە: شوێن و ڕۆڵی بزووتنەوەی کوردستان لەنێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا چییە و چۆن دەتوانرێت پارێزگاری لە ڕۆڵی حیزبەکان بکرێت، بێ ئەوەی شوناسیان تەنیا لەناو قەیرانە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کورت بکرێتەوە؟

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەر جۆرە داهاتوویەکی شەڕ و پێکدادانی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەموو ناوچەکە و لەوانەش کوردستان دەبێت. ئەزموونەکانی ڕابردوو دەریانخستووە کە کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی، زۆرجار یەکێک بوون لە یەکەمین فاکتەرەکان کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم قەیرانانەوە؛ چ لە ڕووی ئاسایش و ئەمنییەتەوە، چ لە ڕووی جێگۆڕکێی هێزەکان و فشارە سیاسییەکانەوە. لە بارودۆخێکی وەهادا، ئەم مەترسییە هەیە کە هەمیشە پرسی کورد بخرێتە پەراوێزەوە و تەنیا لە چوارچێوەی کێبڕکێی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا باس بکرێت.

بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بزووتنەوەی کوردستان، لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ، مێژوویی و خاوەن چوارچێوەیە و شوناسی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم بزووتنەوەیە نە بە دەستپێکی جەنگێک دروست بووە و نە بە کۆتاییهاتنی جەنگێک داواکارییە ڕەواکانی کپ و بێدەنگ دەکرێن. لێرەدا بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە گرێدانی بزووتنەوەیەکی مێژوویی و خەباتێکی نیشتمانی و ڕزگاریخواز بە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانەوە، دەبێتە هۆی قەتیسکردنی ڕۆڵ و ناسنامەی سیاسیی کورد و حیزبە

کوردستانییەکان ئەمەش هاوتەریب دەبێتە هۆی نانەوەی بێهیوایی و لاوازکردنی سەرمایەی مرۆیی ئەم حیزبانە. بزووتنەوەی کوردستان پشت بە بنەمایەکی سیاسی، حەقخوازانە، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتووری دەبەستێت و داواکارییەکانی پێش ئەوەی لە چوارچێوەی قەیرانە کاتییەکاندا بن، لە جەوهەری شوناسی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرن.

...بۆ ل ٢

## هاوخوێنی و هاوسەنگەریی مێژوویی؛
## یەکبوونی نەتەوەیی لە پێناو پاراستنی شکۆی کوردستاندا



ڕۆژی سێشەممە، ٢٥ی خاکەلێوە، لە ئەنجامی هێرشێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکەمپی سووورداش، هاوڕێ «غەزاڵ مەولان چەپەرئاباد» پێشمەرگەی کۆمەڵە، بە توندی بریندار بوو. پاش گواستنەوەی بۆ سلێمانی و وەرگرتنی چارەسەری سەرەتایی لە نەخۆشخانەی شۆڕش، بەمەبەستی چارەسەری بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی «بەخشین» کرا، بەڵام لەوێ دوور لە هەموو پرەنسیپێکی مرۆیی و پزیشکی، وەرگرتنی ئەو هاوڕێیەیان ڕەت کردەوە. ئێمە جەخت دەکەینەوە کە کاربەدەستانی نەخۆشخانەی بەخشین لەم ڕووداوەدا تاوانبارن؛ تەنانەت لە ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەکەی خۆشیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەرکی پیشەیی و

...بۆ ل ٢

## شکۆدار بێ ١ی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

**ڕاگەیەندراوی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی یەکی مەی شکۆدار بێ ١ی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار**

١ی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە وەک هێمایەک بۆ ڕاپەڕین دژی بێدادی و چەوسانەوە بینراوە بەڵام ئەم یادە بۆ کرێکارانی کوردستان خاوەن ڕەهەندێکی تایبەتە چونکە کرێکاری کورد تەنها لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئابووریدا ناچەوسێتەوە بەڵکو بەهۆی داگیرکراوبوونی وڵاتەکەی و ئابووریی بە ئەنقەست لاوازکراوی کوردستانەوە لەژێر گوشارێکی هەمەلایەنەدایە کە وایکردووە دەرفەتەکانی کار و ژیانی شایستە بۆ کرێکاران و چینی چەوساوەی کوردستان کەمترین بن و لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانیان بێبەش بن. داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕزگاریی چینی چەوساوەی کوردستان لە ستەم و بێمافییە.

کاتێک سەیری دۆخی ژنانی کوردستان و ژنانی کرێکار بەتایبەت دەکەین دەبینین ئەوان قوربانیی پلە یەکی ئەم دۆخە ئاڵۆزەن و بە شێوەیەکی چەند قات دەچەوسێنەوە چونکە لە لایەکەوە هەموو ئازار و گوشارەکانی کرێکارانی پیاوی کوردیان لەسەرە و لە هەمان کاتیشدا لە نێو کۆمەڵگەیەکی باوک/پیاوسالاردا کاری بێ...

...بۆ ل٦



## دریژەی سەروتار

لە هەمان کاتدا، ئەم سەربەخۆییە بەو مانایە نییە کە پێویستمان بە ئامادەبوون و قۆستنەوەی دەرفەتەکان نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان؛ بەپێچەوانەوە، بارودۆخی ئێستا ئەوە دەخوازێت کە حیزبە کوردییەکان لە گۆشەنیگایەکی واقیعبینانەوە، خۆیان بۆ سناریۆ جیاوازەکان ئامادە بکەن. ئەگەر ئێران و ئەمریکا بگەنە ڕێککەوتنێک، ڕەنگە فشارە سیاسی و ئەمنییەکان لەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەوانەش حیزبە کوردییەکان زیاد بکرێت؛ لەم دۆخەدا پێویست دەکات شێوازی کار و پەیوەندییەکان لە نێوان حیزبە کوردییەکان، کۆمەڵگە و جیهاندا دووبارە پێناسە بکرێنەوە.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر بارودۆخەکە بگاتە قۆناغی جەنگێکی فراوانتر، کوردستان دەتوانێت دووبارە ببێتە مەیدانێک بۆ بڕیاری تایبەت و بوێرانەتری هێزە سیاسییەکان. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی لاوازبوونی نەیار دەتوانێت دەرفەتی نوێ بخوڵقێنێت، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتیی حیزبەکان بۆ دەرکردنی بڕیاری سەربەخۆ قورستر دەکات تا ڕێگری بکەن لەوەی ببنە تەنیا ئامرازێکی کاتیی زلهێزەکان.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا، پێویستە «سوژەی سیاسی»ی ئەم حیزبانە لەبەرچاو بگیرێت. حیزبە کوردییەکان نابێت تەنیا شوێنکەوتەی ڕووداوەکان بن و چاوەڕێی دەرفەتێک بن کە لە ئەنجامی قەیرانە دەرەکییەکانەوە بێت، بەڵکوو پێویستە خۆیان وەک کارەکتەری سەرەکی و چالاک ببینن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و ڕێگای خۆیان دیاری بکەن.

لەنێو ئەم هەلومەرجەدا، پێویستی بە یەکگرتوویی و هاوکاریی زیاتر لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا زۆرتر لە هەر کاتێک هەستی پێ دەکرێت. دابەشبوون و ناکۆکی، هەڵوێست و تواناکانیان لاواز دەکات؛ لە بەرامبەردا دروستکردنی میکانیزمێکی هاوبەش بۆ ڕاوێژ، بڕیاردان و کرداری یەکگرتوو، دەتوانێت توانای سیاسیی حیزبەکان بەرز بکاتەوە. بەڵام ئەم هاوکارییە نابێت تەنیا لە ئاستی وتار و ڕاگەیاندندا بمێنێتەوە، بگرە پێویستە ستراتیژییەکی هاوبەش دابڕێژرێت کە تێیدا هەموو سناریۆکانی داهاتوو، لە ڕێککەوتنە سیاسییەکانەوە تا هەڵگیرسانی دووبارەی شەڕ، بە وردی لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت و وەڵامی ڕوون و تاکتیکیی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێت.

لە کۆتاییدا، پێویستە سەرنجمان تەنیا لەسەر قەیرانە کاتییەکان نەبێت. جەنگ یان ئاشتیی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل گرنگە، بەڵام تەنیا یەک فاکتەری کاریگەرە. ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان خۆی تەنیا بەم ململانێیەوە گرێ بدات، بەشێکی گرنگ لە سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە بزووتنەوەی کوردستان پێویستی بە دوو ئامانجی چارەنووسسازە: درککردن و خوێندنەوەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئامادەبوون بۆ کاردانەوەی دەستبەجێ، لە هەمان کاتدا پاراستن و بەهێزکردنی سەربەخۆیی سیاسی و گوتاری کوردانە.

# هاوخوێنی و هاوسەنگەریی مێژوویی؛

# یەکبوونی نەتەوەیی لە پێناو پاراستنی شکۆی کوردستاندا



دریژەی لاپەڕی ١

مرۆیی خۆیان بەجێنەهێناوە و ئەمە پێشێلکارییەکی گەورە یاسایی و پیشەییە. پێویستە ئەم بابەتە بە وردی بەدواداچوونی بۆ بکرێت و ئەو کەسانەی بەرپرسیار بوون لەو بڕیارە نامرۆڤانەیە، بدرێنە دەستی سیستەمی دادوەری و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی هاوڕێ غەزاڵ، بەهۆی دۆخی هەستیاری ئەمنی و پاراستنی سەلامەتیی بەشداربووان لەژێر هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی، ناچار بووین چەند جارێک کات و شوێنی ڕێوڕەسمەکە بگۆڕین و بە شێوەی ئاشکرا ڕاینەگەیەنین. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە باشوور، کە دەیانویست بەشدار بن، بێبەش بن. لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو چالاکوان و دڵسۆزانە دەکەین کە لەو چرکەساتە سەختانەدا هاوکار و پشتیوانمان بوون. ئەگەر بەهۆی ناهاوئاهەنگی و گۆڕینی کتوپڕی کات و شوێن، هەوڵ و دڵسۆزییەکانی هەندێک لە ئێوە ئازیزان وەک پێویست نەبینراوە، جێگەی ڕێز و پێزانینی بێپایانی ئێمەیە و داوای لێبووردنتان لێ دەکەین.

شاری سلێمانی و خەڵکە تێکۆشەرەکەی پەیوەندییەکی مێژوویی و قووڵیان لەگەڵ کۆمەڵە هەیە؛ سلێمانی هەمیشە بۆ ئێمە ماڵێکی دڵنیا و قەڵایەکی قایم بووە. لە مێژووی دوور و درێژماندا، سەرەڕای هەموو پیلانەکانی داگیرکەرانی تاران و بەغدا، ئەم پەیوەندییە نەتەوەییە هەر ماوەتەوە. کۆمەڵە هەمیشە بە دڵ و بە گیان پشتیوانی خەڵکی «شاری هەڵمەت و قوربانی» بووە و سلێمانیش بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات شوێنی دڵنیایی بووە.

هەروەها پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەک هەر پەیوەندییەکی سیاسیی ئاسایی نییە، بگرە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوویەکی هاوبەشی پڕ لە هەوراز و نشێودا هەیە. لە زۆر سەردەمی چارەنووسساز و لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتدا، ئەم دوو لایەنە وەک دوو هاوسەنگەری دێرین، پشت و پەنای یەکتر بوون و پێکەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکان بوونەتەوە. ئێمە وەک کۆمەڵە، هەمیشە بنەمای ڕاشکاوی و دڵسۆزیمان لەم پەیوەندییەدا پاراستووە؛ هەر ڕەخنە، گازندە یان داواکارییەکمان هەبووبێت، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەماندا و بە ڕاشکاوی ئاراستەی یەکێتیی نیشتمانیمان کردووە. لە هەمان کاتدا، بەردەوام هەوڵمان داوە بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش، ئاستی ئەو گوشارانەی کە لەلایەن داگیرکەران و نەیارانەوە دەخرێنە سەر هەردوولا کەم بکەینەوە.

لە هەر قۆناغێکدا و لە کاتە هەستیارەکاندا بەتایبەت، ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کە هیچ بیانوویەک نەدەینە دەست داگیرکەران تا درز بخەنە نێوان هێزە کوردستانییەکان یان گوشاری ناڕەوا بخەنە سەر هیچ کام لە لایەنەکانمان. پاراستنی ئەم هاوسەنگی و هەماهەنگییە، بە ئەرکێکی نەتەوەیی دەزانین بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بەرگری لە دەستکەوتەکانی کوردستان و شکۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکەین. وەک هێزێکی بەرپرسیار، ئێمە هەمیشە بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی باشووری کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێممان لەبەرچاو گرتووە. هەوڵی بێپچڕانمان ئەوە بووە کە شێوازی چالاکییەکانمان بە جۆرێک بێت کە هیچ جۆرە بیانوویەک نەدەینە دەست داگیرکەران، بەتایبەت حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تا بتوانێت فشارە سیاسی و سەربازییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چڕتر بکاتەوە. ئەمە نیشانەی وەفادارییە بۆ ئەو خاک و خەڵکەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە میواندار و پشتیوانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتن.

ئەمڕۆ هاودەنگیی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵات، جێگەی شانازییە. هەروەک چۆن ڕۆژهەڵات هەمیشە دەنگی دلێری بەشەکانی تری کوردستان بووە، ئەمڕۆش تەواوی نیشتمان لە گەرووی «غەزاڵ»ـەوە هاواری یەکگرتوویی و مافخوازی دەکات. لە کۆتاییدا سوپاس و ڕێزمان پێشکەشی هەموو ئەو لایەنە سیاسی و کەسایەتی و تاکە بەرپرس و نیشتمانپەروەرانە دەکەین کە لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا پشتیوان و یارمەتیدەری کۆمەڵە بوون. هاوکات سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە لە گیانبەختکردنی هاوڕێ غەزاڵ مەولاندا بە هانامانەوە هاتن و ئەو خەمەیان لەگەڵ هەڵگرتین و بە پشتیوانیی دڵگەرمیان باری سەرشانمانیان سووک کرد.

بەرز و بەڕێزە یادی هاوڕێ غەزاڵ و سەرجەم گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان.

# یەکگرتوویی، پێویستییەکی هەنووکەیی...

**دواڕۆژ**

ئەمڕۆ کوردستان وەک هەمیشە مەکۆی شۆڕش و سەنگەری خەبات و تێکۆشانە؛ ترپەی دڵی هەموو شۆڕش، بەرخۆدان و ململانێ کۆمەڵایەتییەکانە. لەم مەڵبەندەدا، بەستێنی شۆڕش و هەستانەوە و خرۆشی جەماوەری لە لووتکەدایە؛ ئاگری قین و تووڕەیی جەماوەر دژ بە دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامیی نەک هەر نەوەستاوە، بگرە بەردەوام لە هەڵکشاندایە.

کوردستان بە کردەوە، وێڕای ئەوەی پێگەی خۆی لە هەموو مەیدانەکاندا پاراستووە، بووەتە جەمسەرێکی گرنگ بۆ خەبات و ڕەمزی شۆڕش بە پانتایی هەموو ئێران. چڕکردنەوەی سەرکوتی کوردستان و میلیتاریزەکردنی، نەک هەر کەم نەبووەتەوە، بگرە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبووندایە. کوردستان دوای «شۆڕشی ژینا»، پێی نایە قۆناغێکی تایبەت و شۆڕشگێڕانە؛ قۆناغێک کە بە کردەوە هاوسەنگیی هێزی گۆڕی. لەو قۆناغەدا، ناڕەزایەتی و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی شەقام، شکڵ و شێوازێکی هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازانەی بە خۆیەوە گرتووە. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو لوتکەی شۆڕشگێڕی بردووە.

مێژووی خەبات و تێکۆشانەکان دەیسەلمێنێ کە کوردستان مەیل و پۆتانسیەلی ئەوەی تێدایە ببێتە خاوەنی ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتوو. «کۆمەڵە» بەردەوام ئاڵاهەڵگری یەکگرتوویی بووە و لەم پێناوەشدا هەوڵی چڕوپڕی داوە. ئێمە بۆ خوڵقاندنی دۆخێک تێدەکۆشین کە تێیدا باوەڕەکان لێک نزیک ببنەوە و بە تێگەیشتنێکی هاوچەرخ، یەکگرتوویەکی پتەو پێک بهێنێ. زۆر زوو هەستمان بەوە کرد کە تاکە ڕێگە بۆ وەسەرخستنەوەی وزە و تواناکانمان دژ بە کۆماری ئیسلامیی، یەکگرتن و گردبوونەوەیە لەژێر یەک ئاڵا و ئامانجێکی دیاریکراودا.

ئەم هەنگاوە دەتوانێت هەم خەبات دژ بە دوژمنی سوێندخواردوومان ڕێک بخات، هەم کێشە و کەلێنە ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە. ئەزموونەکانی شۆڕشی کوردستان نیشانیان داوە کە یەکڕیزی دەتوانێت زامنی سەرکەوتن بێت و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک بەهێزتر بکات. ئێستا کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە یەکێتیی ڕیزەکانی کورد و هاودەنگیی ئازادیخوازان هەیە. شۆڕشەکانی تا ئێستا، ڕەوتی لاوازبوونی حکوومەتی ئیسلامییان خێراتر کردووە و جارێکی دیکە دۆسیەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسییان بەڕووی کۆمەڵگەی کوردستاندا کردووەتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بۆ ساتێکیش نەوەستاوین و لە داهاتووشدا ماندوو نابین لە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی نێوخۆیی.

پەیوەستبوونی دوو ڕەوتی سیاسیی

کوردستان بە «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان»، لە درێژەی هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەکماندایە کە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ یەکگرتنی زیاتر. لەم کاتەدا کە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچەکەدا گەیشتوونەتە قۆناغێکی چارەنووسساز و کۆماری ئیسلامیی ڕووبەڕووی قەیرانی قووڵ بووەتەوە، پێویستیی بەهێزکردنی تەبایی و یەکڕیزی لە هەموو کاتێک زیاتر دەردەکەوێت. لە کەشێکی ئاوەها توندا، هەر هەنگاوێکی کردەیی بۆ کەمکردنەوەی پەرتەوازەیی، خاوەن گرنگییەکی ستراتیژی و دیاریکەرە.

لەم چوارچێوەیەدا، حیزبی «یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان» و «ڕێکخراوی یاریی کورد» دوای بڕینی پرۆسەیەکی درێژ لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، بڕیاری فەرمیی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە بە مەبەستی بەهێزکردنی تواناکانی خەبات و وەڵامدانەوە بە پێویستییە عەینییەکانی




بارودۆخی ئێستا دراوە. بەپێی هەڵوێستە ڕاگەیەندراوەکان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژوویەکی جێگیر لە خەبات، بنکەیەکی جەماوەریی بەهێز و ڕێبازێکی بەرپرسانە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی، بوارێکی گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی تواناکان ڕەخساندووە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای پێشوازیکردن لەم بڕیارە، پەیوەستبوونی ئەم دوو ڕەوتەی وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لە پێناو بەهێزکردنی یەکڕیزی وەسف کرد. جەخت کراوەتەوە کە ئەم گۆڕانکارییە پێش ئەوەی تەنیا هەنگاوێکی تەشکیلاتی بێت، بگرە بەشێکە لە پرۆسەیەکی بەرفراوانتر بۆ بەهێزکردنی تەبایی سیاسی؛ پرۆسەیەک کە دەتوانێت بە پاراستنی فرەدەنگی، زەمینە بۆ بەهێزکردنی گوتاری سیاسیی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی لە گۆڕەپانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندابڕەخسێنێت.

لە کۆتاییدا، ئەم هەنگاوە دەربڕی پێگەیشتنی سیاسی و تێگەیشتنی قووڵ لە پێویستییەکانی قۆناغی ئێستا. لە کاتێکدا گۆڕانکارییە سیاسییەکان بە خێراییەکی دیاریکەر لە پێشڕەویدان، ئەم تەباییە نەک هەر هەڵبژاردەیەک نییە، بگرە پێویستییەکی مێژووییە بۆ بنیادنانی داهاتوویەک کە لەسەر بنەمای یەکگرتوویی هۆشیارانە و پشتبەستن بە ئیرادەی گەلی کوردستان بێت.

درێژەی لاپەڕی ۱

# شکۆدار بێ ای مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی

حەقدەستی ناو ماڵ و ئەو ئەرکانەی سیستەمی زاڵ بە ناڕەوا خستوویانەتە سەرشانیان، ژیانی ژنی کرێکاری کوردیان کردووەتە پانتاییەکی فراوان لە چەوسانەوە و هاوکات خەباتی بەردەوام.

لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناتوانین ڕۆڵی وێرانکەری شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان لەبیر بکەین. کوردستانێک کە بە هۆی سیاسەتەکانی حکوومەتەوە ئابوورییەکی کاولی هەیە و ساڵانێک حکوومەتی ئێران سامانەکەی تاڵان دەکا لە ئاکامی شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکییەتی زیاتر لە جاران گوشاری کەوتووەتە سەر، هەم لەبەر ئەوەی سامانی وڵات زیاتر دەکرێتە سووتەمەنیی شەڕ و خەرجی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەم لەبەر ئەوەی دۆخی شەڕ لە گەڵ خۆیدا گرانی دێنێ و گوشاری ئەم گرانییە زیاتر لە هەمووان دەکەوێتە سەرشانی چینی چەوساوە.

بۆ داهاتووی کوردستان دەبێ بە شێوەیەک پلان دابنرێ کە ئاشتی و ئارامی بنەمایەکی سەرەکی بێ و وڵاتێکی وا دابمەزرێ کە دوور بێ لە شەڕ بۆ ئەوەی تێدا دەرفەت و هەل بۆ چینی چەوساوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان زیاترە. ڕۆژی جیهانیی کرێکاران تەنها یادکردنەوەیەکی ساڵانە نییە، بەڵکوو سیمبۆلێکی زیندووی مافخوازی و سەنگەرێکی بەهێزی دژایەتییکردنی هەموو شێوازەکانی چەوسانەوە و نادادپەروەرییە. لەم ڕۆژە مێژووییەدا، چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان زیاتر لە هەمیشە دەتوانن و دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەم یادە بکەنە دەرفەتێک بۆ یەکخستنی دەنگی هەموو ئەو چین و توێژانەی کە سیستەمی سیاسی و ئابووریی چەقبەستووی سەرمایەداری، دەرفەتی ژیانێکی شایستە و گوزەرانێکی ئارامی لێ زەوت کردوون.

پێویستە ئەمڕۆژە ببێتە هەوێنێک بۆ ڕێکخستنی جەماوەری و کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئیرادە پەرتەوازانەی کە مافە سەرەتاییەکانیان پێشێل کراوە، تا لەژێر چەتری دروشمی یەکگرتووی «نا بۆ چەوسانەوە و بێمافی»دا، بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن. ئامانجی سەرەکی دەبێ ئەوە بێت کە ناڕەزایەتییەکان لە حاڵەتی کاتییەوە بگۆڕدرێن بۆ هێزێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، کە بتوانێت گوشار بخاتە سەر ناوەندەکانی بڕیار و داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هەمووان بکات.ئەمڕۆ دیسان دووپاتی دەکەینەوە ئەرکی ئێمە حزب و لایەنە چەپ و سۆسیالیستە بەرپرس و خاوەن پێگەکانی کوردستانە کە لە ئێستاوە پلانێکی تۆکمە و زانستیمان بۆ داهاتووی کوردستان هەبێت تا دڵنیا بین کە پاش ڕزگاریی نەتەوەیی، چینی چەوساوە و زەحمەتکێش دەرفەت و بەستێنێکی باشی لەبەردەستدا دەبێ بۆ ئەوەی بە هەموو مافە مرۆیی و چینایەتییەکانی خۆی بگات.


پێویستە لە ئێستاوە بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن بنەماکانی یەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنچینەیی لە ناو یاسا و ژیانی کۆمەڵگادا جێگیر بکرێن، بە جۆرێک کە ڕێگا لە دروستبوونەوەی سەر لە نوێی ستەمی چینایەتی بگیرێت. کوردستانی داهاتوو دەبێ ببێتە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دادپەروەری نە تەنها دروشم، بەڵکوو ڕاستییەکی ژیاو بێت؛ کۆمەڵگەیەک کە تێیدا کەرامەت و پێگەی شیاوی مرۆڤ بۆ هەمووان پارێزراو بێت.

**کرێکاران و چەوساوەکانی کوردستان یەکگرن**
**شکۆدارە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران**

# ڕەخنەیەک لەسەر وتاری لە گومان و ئینکارکردنی دابڕانخوازی

## دووبارە خوێندنەوەی کێشەی نەتەوەیی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و شوێنی نەتەوەی کورد لە ئێران





بیهروز مەلەکشا

**پێشەکی**

وتاری «لە گومان و ئینکارکردنی دابڕانخوازی» لە نووسینی ئەسغەر شیرازی، لە ڕواڵەتدا هەوڵ دەدات کێشەی نەتەوەیی لە ئێران لە چوارچێوەیەکی شیکارییدا لێکبداتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، لە چوارچێوەیەکی ئەمنی، گومانتەوەر و پێش داوەریکراودا پۆلێنبەندی دەکات. کێشەی سەرەکی لەم نووسینەدا نە تێگەیشتنی مێژوویی و سیاسیی لە داواکارییە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانەی نیشتەجێی ئێران، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی هەمان نموونەی لەمێژینەی ناوەندتەوەرە کە هەر داواکارییەکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە «دابڕان» واتادەکات. ئەم ڕوانگەیە لە بنەڕەتدا ڕێگرە لە تێگەیشتنی دروستی کێشەکە. چونکە کاتێک داواکارییەکی مافخوازانەی سیاسیی نەتەوەیەک لە سەرەتاوە لە ئاستی تۆمەت و گومان شرۆڤە بکرێت، ئیتر هیچ شوێنێک بۆ شیکارییەکی دادپەروەرانە نامێنێت. لەم چوارچێوەیەدا، نە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە دروستی تێدەگەیندرێت، نە شوێنی ڕاستەقینەی مێژوویی نەتەوەی کورد، و نە ڕۆڵی ڕاستەقینەی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە دروستکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ ڕەخنەی بنەڕەتی لەو وتارە، و لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی دووبارەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران لە ڕوانگەی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، تا ئاستی سەربەخۆیی، مافێکی ڕەوا بۆ نەتەوە ستەم لێکراوەکانە و دەتوانرێت پشتگیری لێ بکرێت.

١. تێکەڵکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دابڕانخوازیی

یەکێک لە هەڵە سەرەکییەکانی وتاری شیرازی، یەکسانکردنی نێوان «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «دابڕانخوازیی»یە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ئەم دوو چەمکە نە تەنها

**وتاری «لە گومان و ئینکارکردنی دابڕانخوازی» لە نووسینی ئەسغەر شیرازی، لە ڕواڵەتدا هەوڵ دەدات کێشەی نەتەوەیی لە ئێران لە چوارچێوەیەکی شیکارییدا لێکبداتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا، لە چوارچێوەیەکی ئەمنی، گومانتەوەر و پێش داوەریکراودا پۆلێنبەندی دەکات. کێشەی سەرەکی لەم نووسینەدا نە تێگەیشتنی مێژوویی و سیاسیی لە داواکارییە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانەی نیشتەجێی ئێران، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی نموونەی لەمێژینەی ناوەندتەوەرە کە هەر داواکارییەکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە «دابڕان» واتادەکات.**

هاومانا نین، بەڵکوو لە ڕووی تیۆری و یاساییەوە لە دوو ئاستی جیاوازدان. مافی دیاریکردنی چارەنووس، بنەمایەکی سەرەکییە لە بیرۆکەی سیاسیی مۆدێرن و یاسای نێودەوڵەتی. ئەم مافە ئەوە دەڵێت کە هەر نەتەوە یان خەڵکێک، دەبێت بتوانێت سەبارەت بە چارەنووسی سیاسیی خۆی، شێوەی دەسەڵاتداری، ڕێگای بەشداریکردن، و شێوەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی بڕیار بدات. ئەم مافە دەتوانێت بە شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر جێبەجێ بکرێت: لە بەشداریکردنی یەکسان لە پێکهاتەی سیاسییەوە، تا خۆبەڕێوەبردن، فیدرالیزم، کۆنفیدرالیزم، و لە حاڵەتێکدا کە هەموو ڕێگاکانی تر داخراوبن، سەربەخۆیی. هەر بۆیە، باسکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس نە بە مانای دابڕانخوازێتییە و نە پێویستە بگاتە ئەو ئەنجامە. بەڵام نووسەری وتار، بە دانانی چەمکەکانی وەک «نەتەوە»، «فیدرالیزم» و «مافە نەتەوەییەکان» لە تەنیشت «گومانی دابڕان»، بە شێوەیەکی کرداری هەر داواکارییەکی سیاسیی نەتەوەیی دەخاتە ناو چوارچێوەو بواری هەڕەشەی ئەمنیەوە. ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە شیکاری جێگەی خۆی دەدات بە پێشداوەری. کۆمەڵگەیەک کە نەزانێت و نەتوانێت لە نێوان ماف و هەڕەشە، نێوان داواکاری و پیلان، و نێوان سیاسەت و بابەتی ئەمنی جیاوازیی دابنێت، درەنگ یان زوو دەکەوێتە ناو سووڕی گومان و بێباوەڕی. کێشەی نەتەوەیی لە ئێران، پێش ئەوەی کێشەی «مەترسی» بێت، کێشەی «ماف»ە.

٢. نەتەوەی کورد: ڕاستییەکی مێژوویی، نە داواکارییەکی ئایدیۆلۆژیک

نووسەری وتار هەوڵ دەدات بە دروستکردنی گومان سەبارەت بە چەمکی «نەتەوە»، شوێن و پێگەی سیاسیی کوردیش بخاتە ژێر پرسیار. لەم ڕوانگەیەدا، وا پیشان دەدرێت کە نەتەوەبوون تەنها ئەو کاتە ڕەوایە کە دەوڵەتێکی هەبێت. ئەم تێگەیشتنە، لە ڕووی زانستیی سیاسی و مێژووی دروستبوونی نەتەوەکانەوە، هەڵەیە و کۆنە. نەتەوە، پێش ئەوەی یەکەیەکی یاساییی دەوڵەتی بێت، ڕاستییەکی مێژوویی، کولتووری، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە. زۆرجار نەتەوەکان پێش دەوڵەتەکان دروست بوون. زمانی هاوبەش، یادەوەریی مێژوویی، ژیانی کولتووری، پەیوەندیی جوگرافی، و هۆشیاریی هاوبەش، لە بنەماکانی دروستبوونی نەتەوەن. لەم ڕوانگەیەوە، نەتەوەبوونی کوردان نە داواکارییەکی ساختەیە، بەڵکوو وەسفی ڕاستییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە

٣. مێژووی کێشەی کورد: لە ئینکارەوە بۆ سەرکوتکردن

هیچ گفتوگۆیەک سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی لە ئێران، بەبێ گرنگیدان بە مێژووی ئینکار و سەرکوتکردن، بێ کەموکورتی و تەواو نییە. نەتەوەی کورد لە سەدەی ڕابردوو دا، نە تەنها لە مافی بەفەرمی ناساندنی تەواوی خۆی بێبەش کراوە، بەڵکوو بە زۆر جار بووەتە ئامانجی سیاسەتە ناوەندتەوەرە کولتووری، ئەمنی و نیزامیەکان. لە سەردەمی پەهلەویەوە، سیاسەتی یەکسانسازیی زمان و کولتوور، بە ناوەندیکردنی توندی دەسەڵات و لابردن و سڕینەوەی زمانە نافارسییەکان لە فێرکاری و دامەزراوە گشتییەکان، بناغەی سەرەکی بێباوەڕی دروست کرد. لە کۆماری ئیسلامیشدا، ئەم پرۆسەیە نە تەنها نەوەستا، بەڵکوو بە خێراییەکی زیاتر بەردەوام بووە. سزای ئیعدام، دەستبەسەرکردن، تیرۆر، سەرکوتکردنی حیزبەکان، و بە ئەمنیکردنی داواکارییە مەدەنییەکان، بەشێک لە ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد بوون لە دەیەکانی ڕابردوودا. لە وەها بەستێن و بارودۆخێکدا، ناتوانرێت کێشەی کورد تەنها لە ڕوانگەی «ئارەزووی سەربەخۆیی» بخوێندرێتەوە. ئەم ڕوانگەیە، هۆکار و ئەنجام تێکەڵ دەکات. ئەوەی لە لای کوردەکان دروست بووە، پێش هەموو شتێک دژکردەوە و وەڵامێکی مێژووییە بە ئینکاری درێژخایەنی ماف و ناسنامەی خۆیان. ئەگەر پێکهاتەی سیاسیی ئێران لەبری ئینکار، لەسەر ناساندن و یەکسانیی دامەزرابوو، شێوەی کێشەکەش جیاواز دەبوو.

...بۆ ل٧

# گوتاری چەپی کوردستانی، دژ یا هاوتەریب لەگەڵ چەپ لە کوردستان



پەرویز ڕەحیمزادە

**بەشی سێیەم**

جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی ئەو دوو وشە ”چەپی کوردستانی و چەپ لە کوردستان“ تەنیا شتێکی ئاسایی نیە کە بە بێ بیرلێکردنەوە روویدابێت یا بە هەڵکەوت هاتبێتە ئاراوە، بەڵکوو دەستەواژەی ”چەپ لە کوردستان“ لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە جیهانبینی کە لەم تێروانینەدا کوردستان فاکتەرێکی سەربەخۆ نیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەڵکوو ماتریاڵ و بەشێکی بچووکە لە گشتێکی گەورەتر بە ناوی ئێران بە مەبەستی تەواوکردنی پرۆژەیەکی ناتەواو، جا ئەو پرۆژەیە دەتوانێ ئێرانێکی دێمۆکراتیک بێت یان ئێرانێکی سۆسیالیست. واتە هەوڵدان بۆ بە هێزکردنی چەپ لە کوردستان لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بەو مانایە هاتووەو ئەو ئاراستەشی گرتووە کە ئەم ڕەوتە هەوڵدەدات بە بەهێزکردنی ئەم گوتارە لە کوردستان خزمەت بە ئیستراتژیەکی گەورەتر لە ئاستی ئێراندا بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ وێنە ”شۆڕشی کرێکاریی“ یا هەر مۆدێلێکی دیکەی بەڕێوەبەریی. بۆیە خودی کۆمەڵە کە دەبێتە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێک بەم ئاراستەدا هەنگاو دەنێت کە پۆتانسیەلی شۆڕشگێڕانەو چەپ لە کوردستان ئاراستە دەکات بەرەو تێکەڵکردنێکی سەرتاسەری بە ئامانجی گەیشتن بە سۆسیالیزم لە ئێران. لێرەدا دوو بابەت هەیە، بێگومان کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە خاوەن چینی جیاوازەو ناکۆکی نێوان چینەکانیش بە زەقی دەبینرێت و هەوڵدانیش بۆ سڕینەوەی ئەو قەیرانە ئەرکێکی خەباتکارانەیە، بەڵام ئەگەر چارەسەری ئەو ستەمە بە خۆدزینەوە لەو ستەمەی دیکە واتە چاوپۆشی لە” مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کورد بۆ سەربەخۆیی“ بێت، ئەسڵ و بنەمای سۆسیالیزمیش دەباتە ژێر پرسیارەوە چونکە سۆسیالیزمی ئەمڕۆ دەبێ دژی هەموو فۆرمەکانی ستەم بوەستێتەوە بە تایبەت بۆ نەتەوەیەک کە مافی بوونی کیانێکی سەربەخۆی لێ زەوتکراوە. لێرەدا ئەوە ڕاستە کە ئەوان لە بەرنامەیاندا داوای ” مافی دیاریکردنی چارەنووس ” بۆ خەڵکی کوردستان دەکەن، بەڵام خۆیان لە بەرەی دژایەتی لەگەڵ بڕیاری سەربەخۆییدان چونکە بەردەوام پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئێمە داوا ناکەین خەڵکی کوردستان لە ئێران جیا بێتەوەو بە زیانی دەزانین و پێویستە لەگەڵ ئێران بمێنینەوە. لێرەدا لە بۆچوونی ئەواندا شی ناکرێتەوە کە مەبەست لێی کام جۆر زیانە. بەڵام دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە لای ئەوان ئەگەر چینی کرێکار لە کوردستان ڕێک بخرێت بە مەبەستی ئەوەی لە وڵاتی سەربەخۆی خۆیدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت دەبێتە بابەتێک کە گوایە خەباتی چینایەتی و یەکڕیزی کرێکاران لە ئاستی سەرتاسەریدا تێکدەدات و بە زیانی سۆسیالیزمە، بەڵام ئەم چینە کرێکارە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ کرێکارانی ئێران ڕزگاری دەبێت، واتە چەپ و سۆسیالیست بوون نەک بە پێی پێوەرێکی زانستی کۆمەڵایەتی مارکسیزم، بەڵکوو بە بوونی لە جوگرافیای وڵاتێکی گەورەتردا پێناسەی ڕاستیی خۆی وەردەگرێت، بۆیە لەم لێکدانەوەدا کرێکاران نەک بە پێی بوون و بەشداریان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەڵکوو جوگرافیای شوێنی ژیانیان دەبێتە پێوەر بۆ خەباتی چینایەتی. ئەگەر مەبەست لە دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت ئەوەیە کە مارکس دژی دەوڵەتە و ئەوانیش بە بابەتێکی دواکەوتووانەو دژی بیرۆکەی مارکسیزمی دەزانن، بێگومان لێرەدا هەڵە تێگەیشتنێکی مێژوویی ڕوویداوە واتە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان لە ژێر چەپۆکی داگیرکاریی لەگەڵ پرسی دەوڵەت وەک فۆرمێکی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی سیاسی ئابووریی جیاوازیەکی زۆری هەیە. ئەگەر لایەنێکی چەپ داواکاریی سەربەخۆیی بە دارمانی ئیدۆلۆژیەکەی پێناسە بکات ئەی چۆنە مارکس پشتگیری لە ئیرلەندیەکان دەکات بۆ سەربەخۆیی و سەرکۆنەی چینی کرێکاری بریتانیا دەکات کە نابێ ببنە دەستەچیلەی شەڕی داگیرکەران. یان مارکس لە ٢٤ی مارسی ١٨٧٥ لە وتەکانیدا بەرانبەر پۆلەندیەکان دەڵێ: تەنیا پاش ئەوەی خەڵکی پۆلەند سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێناو سەرلەنوێ بتوانن وەک خەڵکێکی ئازاد خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەو کاتەیە کە گەشەی ناوخۆییان دەسپێدەکات و بەمشێوە دەتوانن وەک هێزێکی سەربەخۆ لە ئاڵوگۆڕەکانی ئوروپادا بەشدار بن. بۆیە مارکس لەهەڵوێستەکانیدابەرانبەرسۆسیالیستەکانی پۆلەند دەڵێت کە ئێوە دەبێ جڵەوی پرسی سەربەخۆیی لەو وڵاتە بە دەستەوە بگرن و لەولاشەوە سەرکۆنەیان دەکات و بەم ڕستە پێیان دەڵێت، کە پۆلەندیەکان بۆ ئازادیی ئوروپا خەباتیان کرد بەڵام لەولاوە سەربەخۆیی خۆیان لە دەستدا. ئەمە ڕەنگە نزیکترین وێنەیەک بێت لە دوو نەتەوەی داگیرکراوی دابەشکراو، پۆلەندیەکان و کوردەکان کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتانی دیکە شەڕیان کردووە، بەڵام بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆیان کەمترخەم بوون واتە سەربەخۆیی خۆیان کردوەتە قوربانیی ئازادیی ئەویدیکە. لەم نموونانە لە مێژووی خەباتی سیاسی لە کوردستان کەم نین بۆ وێنە، حیزبێک لە باشووری کوردستان بە ناوی “پارتی دێمۆکراتی کورد لە سێهەمین کۆنگرەی خۆیدا لە ٢٦,٠١,١٩٥٣ کە لە شاری کەرکووک بەسترا بڕیاریدا بیری مارکسیزم لێنینیزم بکاتە بنەمای ئیدۆلۆژیکی خۆی، بەڵام هەرکات بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهان کەوتە مەترسیەوە پێویستە واز لە بزووتنەوەی کورد بهێنێت. هەر وەک چۆن کۆمەڵە لە کۆنگرەی دووهەمی خۆی لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویی خۆی وەک ڕەوتێکی سەرتاسەریی پێناسە کردوو، دەڵێ مەسەلەی کوردستان بۆ کۆمەڵە مەسەلەی مان و نەمان نیەو ئێمە لە درێژەی شۆڕش لە ئێراندا هەنگاو دەنێین.

کەواتە لەم کانتێکس و فۆرمەدا ئێرانیبوون و گەیشتن بە ئێرانێکی دیمۆکراتیک،سۆسیالیست یان فیدراڵ و هەر مۆدێلێکی دیکە دەبێتە کۆتایی ئەو پرۆژە سیاسیەی کە ئەم حیزب یا ئەویدیکە خۆیان لەسەر بونیات ناوەو ساڵانێکە بۆی تێدەکۆشن. لەم بیروبۆچوونەدا ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو کەرەسەیەکی بەردەستیان بە هێزی مرۆیی، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەڵام بە وتەی خۆیان،لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی د ە د ە ن کە لە ژێر ناوی چەپ و ڕاست یا ن ناوەڕاست، سەرکەوتنی پرۆژەکانی خۆیان لە ئاستێکی بەرفراوانی بوون بە ئێرانیەکی چەپ، کۆماریخواز یان سۆسیال دێمۆکرات پێناسە دەکەن، وە کوردیش بەشێکە لەم پارادایمە بۆ بە کۆتایی گەیاندنی ئەو ئامانجە. بۆیە ئێمە لە بەرانبەردا دەڵێین کە چەپ لە کوردستان دەبێ جێگەی خۆی بدات بە چەپی کوردستانی، واتە کوردستان وەک کیانێکی سەربەخۆ لە ئێرانی داگیرکەر کە تێیدا هێزی کرێکار و زەحمەتکێش، ڕووناکبیرو بازاڕیی، لاوان و مامۆستایان و سەرجەمی چینەکان دەبێ وزەو توانی خۆیان بەکار بهێنن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، نەک کەڵک وەرگرتن لەم پۆتانسیەلەو کردیان بە کەرەسەیەک بۆ بیناکردنەوەی سەرلەنوێی قەڵای داگیرکەری ئێرانیی. چەپی کوردستانی و ڕاست لە کوردستان مێژووی خەباتی ئەو حیزبە سیاسیانەی کە جێگە پەنجەیان لەو بزووتنەوەدا دیارو بەرچاوە تا ئەم ساتەشی لەگەڵدا بێت ئەوەمان پێدەڵێ کە کۆتایی ئیستراتژیان پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە، بەڵام لە ژێر ناوو ناونیشانی جیاواز. یەکیان دەڵێ چینی کرێکار دەبێ لە ئاستی ئێراندا یەکگرتوو بێ بۆ شۆڕشی کرێکاریی بە مەبەستی گەیشتن بە سۆسیالیزم لە ئێران، ئەوی دیکەش لە ژێر چەتری فیدرالیزم لە ژێر ناوی دێمۆکراتیزەکردنی ئێران و مافی کەمایەتیەکان، هەمان یەکپارچەیی ئێران دەپارێزێت. خۆی لە بنەڕەتدا بیری ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) پێشتر و فیدرالیزمەکەی ئێستا، بۆ نەتەوە بندەستەکان پڕۆژەیەکە بە مەبەستی تواندنەوەو لە گۆڕنانی بیری سەربەخۆیی نەتەوەیەک، کە بەردەوام لە ململانێی داگیرکەراندایەو خۆی رادەست نەکردووە، چونکە فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمیش هەر لە چوارچێوەی گوتاری کۆلۆنیالیستی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. تا ئەم کاتەش ئەوانەی بە ئەحزابی کۆن یا سوننەتی ناسراون لە دوو ئاستی هەرە گرینگ لەگەڵ گوتاری چەپی کوردستانی ناتەبایی هەیە. یەکەم ئەوەی کە حیزبی ڕاستی نێو بزووتنەوەکە لە بواری ناوەرۆکەوە هیچ پڕۆژەو پلانێکی بۆ گۆڕان لە سیمای کۆمەڵگای کوردستان لێ بەدی ناکرێت، چونکوو لە بنەڕەتدا ناتوانێ لەگەڵ خواستی پێشکەوتنخوازی خۆی بگونجێنێت.ئەولایەنە سوننەتیە بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئێمە لە کوردستان لەگەڵ ڕێنسانسێکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووین کە سیمای کلتووری کۆی کۆمەڵگای گۆڕیوە، ئەوان هێشتا هەوڵیان ئەوەیە کە بەشێک لە سوننەتە کۆنەکان بە تایبەتی ئایین کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دواکەوتوو ڕاگرتنی کۆمەڵگەن، بە زیندوویی ڕابگرێت و تەنانەت ڕێکخراویشیان بکات بۆ ئەوەی لە دژی لایەنی چەپی پێشکەوتنخوازی نێو کوردستان بەکاریان بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە بە هێشتنەوەی هەمان فۆرمی کلتووری نایەکسانی، پێش بە هەر ڕەوتێکی چەپ بگرن کە بیەوێت بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان بخاتە مەترسیەوە، بۆیە هەوڵیان ئەوەیە کە خۆیان لەگەڵ ئەو چینە باڵادەستە کە دەیەوێ دەست بەسەر هەموو سامان و داهاتی خەڵکدا بگرێت ڕێک بخەن و بەمشێوە ئەوانیش بەشێک بن لە پڕۆژەی نیۆلیبڕالیزمی جیهانی لە کوردستان بۆ هەرچی زیاتر چینایەتیکردنەوەی ئەم کۆمەڵگە لە پێناو بەرژەوەندی کەمینەیەکی خۆسەپێنەر. یەکێکی دیکە لە ناتەباییە سەرەکیەکە ئەوەیە کە وەک چۆن دەستەواژەی ”چەپ لە کوردستان“مان تا ڕادەیەک شیکردەوە، ڕاست لە کوردستانیش هەمان پڕۆژەیە بە دوو مەبەست. یەکەم هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان لە ژێر ناوی حیزبی کۆن و مێژوویی، بەڵام لە ئیستراتژیدا بەتاڵکردنەوەی پرسی کوردە لە خواستی سەربەخۆیی و بەلاڕێدابردنی جەماوەرە لە ڕێگەی کاریزماو نۆستالێژیای ڕێبەرەکان. هەردوو لایەنی چەپ لە کوردستان و ڕاست لە کوردستان یەک خاڵی هاوبەش و یەک خاڵی ناکۆکیان هەیە، خاڵی ناکۆکیان ئەوەیە کە چەپ لە کوردستان ئاواتی دەسەڵاتی سۆسیالیستی لە ئێرانی هەیە بەڵام ڕاست بە پێچەوانە لەگەڵ ڕەوتی جیهانی سەرمایەداری و لیبڕالیزمی نوێدا خۆی هاوتەریب دەکات و ئاواتی ئەوەیە کە بەرەی سەرمایەداریی لە ئێرانی فیدڕاڵیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کە ئەمە لە خۆیدا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکاران و چینی خوارەوە بێگومان دوو ئاراستەی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێت. بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردووکیان وەک پێشتریش ئاماژەیەکی پێکرا، پاراستنی کۆی جوگرافیای ئێرانە بەڵام بە وەرگرتنی هەندێک ماف. کەواتە چەپی کوردستانی لە ڕاستیدا لە بەرانبەر تێڕوانینی ئەو دوو لایەنەدا گوتارێکی جیاوازی هەیەو بە دیدێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە ئەو دوو بیرۆکە، واتە چەپی کوردستانی نەک هیچ پابەندیەکی بە پاراستنی جوگرافیای ئێران نیە، بەڵکوو ئێران بە داگیرکەرێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ پێناسە دەکات کە خاکی کوردستانی زیاتر لە سەدان ساڵە داگیرکردووە کە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێستا یا داهاتوو لە هەموو جوگرافیای مێژوویی کوردستان بکرێتە دەرەوە. لە لایەکی دیکەشەوە پێمانوایە گەشانەوەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانیش تەنیا لە گرەوەی سەربەخۆبوونی کوردستانێکە، ڕەوتی چەپی ئەمڕۆیی و دوور لە دەمارگرژی ئیدۆلۆژیک، بتوانێ بە پڕۆژەیەکی پێشکەوتنخوازانە لە هەموو بوارەکاندا، بنەمای کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئازاد کە جەماوەری خەڵک لە سوود و داهاتەکەی بەهرەمەند بن بۆ ژیانێکی بەرابەرو سەربەرزانە، بونیات بنێن.

**درێژەی هەیە...**

# ترۆمای بەکۆمەڵ و ئاسەوارە قەرەبوونەکراوەکانی لە ژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران



ئاسۆ ساعێدی

کاتێک کۆمەڵگایەک بە شێوەی بەردەوام ڕووبەڕووی ڕووداوە نەخوازراوەکان، فشارە ئابوورییەکان یان گرژییە سیاسییەکان دەبێتەوە، خەڵک تووشی ترۆما دەبن. ئەم حاڵەتە تەنها لە تووشبووی ترۆمادا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو دەچێتە ناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و کاریگەری لەسەر کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا دروست دەکات. لەم ڕۆژانەدا ئەگەر لەگەڵ هەر تاکێک کە بە جۆرێک پێوەندی بە چوارچێوەی جوگرافیایی ئێرانەوە هەیە قسە بکەیت، هەستێکی هاوشێوەت لەگەڵیان هەیە. بێ تاقەتی، نائارامی بەردەوام، نەتوانینی هیچ بڕیارێک و هەستێکی تەمومژاوی تێکەڵ بە فشاری دەروونییەک کە پێت وایە کۆتایی نایە. زۆر کەس دەڵێن، هەر لەخۆوە هەست ئەکەم تووشی «خەمۆکی» بوومە. ئەم ئەزموونە بەهەڵکەوت و تایبەت بە تاکە کەسێک نییە. دەروونناسی ناوێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە داناوە، «ترۆما یان زەبری دەروونی» بەکۆمەڵ.

سەرەتا پێویستە پێناسەیەکی کورتی ترۆنای بەکۆمەڵ بکەین.

ترۆمای بەکۆمەڵ چییە؟

لە دەروونناسیدا «ترۆما» بە ئەزموونێک ئەوترێت کە توانای دەروونی تاک بۆ لێکدانەوەی ناسیاری و سۆزداری تێدەپەڕێنێت و هەستی هێمنی، کۆنترۆڵکردن و مانا تێکدەچێت. ترۆمای بەکۆمەڵ کاتێک ڕوودەدات کە ئەم تێکچوونە نەک تەنها لەسەر ئاستی تاک، بەڵکوو لەسەر ئاستی گرووپێکی گەورە یان تەواوی کۆمەڵگا ڕووبدات.

لە ترۆمای بەکۆمەڵدا، زیانەکان بە شێوەی باو سیستماتیکی و دووبارەبوونەوەیە. ئەزموونی زەبری دەروونی دەچێتە ناو یادەوەری بەکۆمەڵ. هەستکردن بە نائەمنی، بێ متمانەیی و بێدەسەڵاتی دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. داهاتوو چیتر پێشبینی ناکرێت. هەستی کۆنترۆڵکردن و کاریگەری کەسی کەم دەبێتەوە. لەم جۆرە بارودۆخانەدا دەروونی مرۆڤ بەردەوام لە «ئامادەباشی»دا دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ئێستادا هیچ شتێکی تایبەت ڕوونەدات. لێرەدا مەسەلەکە تەنها ئازار نییە، بەڵکوو گۆڕانکاریی لە شێوازی بینینی جیهان و ئەوانی تر و داهاتوویە. بە وایەکی تر، جەستە و دەروون، وەک ئەوە وایە کە چاوەڕوانی مەترسییەکی بەردەوام بن.

تایبەتمەندییەکانی ترۆمای بەکۆمەڵ، لە کۆمەڵگای ئێراندا

ترۆمای بەکۆمەڵ کاتێک ڕوودەدات کە ڕووداوێکی ترسناک پێکهاتەی بنەڕەتی کۆمەڵگا هەڵبتەکێنێت و هەستی ئاسایش و شوناسی گرووپی تێک بدات.

١- درێژخایەنبوونی زەبر: یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ترۆمای بەکۆمەڵ لە ئێران و زۆر نموونەی کلاسیک (وەک کارەساتی سروشتی یان شەڕی کورتخایەن)، درێژخایەن بوونییە. هەڕەشە، سەرکوت و فشاری ئابووری و نائەمنی دەروونی نەک وەک قۆناغێکی تایبەتی، بەڵکوو وەک بەشێک لە بارودۆخی ڕۆژانەی ژیان ئەزموون دەکرێت. ئەم درێژخایەن بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا لە دۆخی ئامادەیی دەروونیی بەردەوامدا بمێنێتەوە.

٢- تێپەڕین لە ترۆما، یادەوەری بەرانبەر لەبیرچوونەوە: کۆمەڵگای ئێرانی ئێستا گیرۆدەی ململانێ نێوان گێڕانەوەکانە. لە گێڕانەوە فەرمییەکەدا هەوڵی کەمکردنەوەی ڕووداوەکە و بەتاوانبارکردنی قوربانییەکان یان چەواشەکاری ڕاستییەکان بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی دەدرێت. بەڵام لە گێڕانەوەی باودا، تۆمارکردنی وردەکاری، ناو و دەموچاوەکان بۆ ڕێگریکردن لە لەبیرچوونەوە دەدرێت. ئەم بەشەی ترۆما وەک «خۆڕاگری یادەوەری» کاردەکات.

٣- سترێس دوای کارەساتی ئاڵۆزی (C-PTSD): لە ئاستی کەسی تەشەنە ئەسێنێت بۆ ئاستی بەکۆمەڵ، زۆرێک لە ئێرانییەکان نیشانەکانی C-PTSD تێدایە. ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەی PTSDی ئاسایی، بەهۆی یەک ڕووداوەوە نییە، بەڵکوو بەهۆی مانەوەی درێژخایەن لە دۆخە سترێساوییەکان، نەبوونی کۆنترۆڵ و هەڕەشەیەکی بەردەوامی ئاسوودەیی دەروونییە.

٤- نکۆڵی و نەبوونی ماتەمینی بەکۆمەڵ: یەکێک لە قووڵترین سەرچاوەکانی ترۆمای بەکۆمەڵ، بێ توانایی کۆمەڵگا لە تازییە بارییدایە. کاتێک مردنەکان، توندوتیژییەکان و زیانەکان بە فەرمی ناناسرێنەوە، ترۆما نیوەچڵ دەمێنێتەوە. خەمی سەرکوتکراو دەگۆڕێت بۆ تووڕەیی، بێ هێزی یان بێدەسەڵاتی فێربوو لەبری سارێژ، کەڵەکە دەبێت.

٥- بەدوای یەکدا هاتن و کەڵەکە بوون: یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ترۆما لە ئێراندا، «کەڵەکەبوونە». بە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە یەک ڕووداوی (وەک بوومەلەرزەیەکی گەورە یان شەڕێکی قۆناغ بە قۆناغ) ڕووبەڕوو دەبنەوە، کۆمەڵگەی ئێران دەیان ساڵە لە حاڵەتی «ترۆمای بەردەوام»دایە. لە شەڕی هەشت ساڵە و لێکەوتە ئابوورییەکانییەوە بگرە تا قەیرانە کۆمەڵایەتییە یەک لە دوای یەکەکان، دەرفەتێک بۆ تازییەباری و سارێژ بوونەوە نەبووە و ترۆماکان لەسەر یەک کەڵەکە بووە.

کاریگەرییە قەرەبوو نەکراوەکانی ترۆمای بەکۆمەڵ لە ئێراندا

١- داڕمانی هێمنی دەروونی بنەڕەتی: یەکێک لە یەکەم قوربانییەکانی ترۆمای بەکۆمەڵ، «متمانەی بنەڕەتی»یە. کاتێک ژینگە لەبری توانای پێشبینی کردن، بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، خەڵک تووشی جۆرێک لە گوێ قوڵاغی بەردەوام دەبن. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک تەنانەت لە ساتەکانی ئارامیشدا چاوەڕوانی کارەساتێکی نزیک بکات.

٢- داخورانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و متمانەی نێوان کەسەکان: ترۆما لە ئاستێکی بەربڵاودا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات. تاکەکان بۆ پاراستنی خۆیان، پەنا دەبەنە بەر گۆشەگیری. تووش بوون بە ناهومێدی گشتگیر، سکاڵا لەسەر مەبەستی ئەوانی تر (تەنانەت نزیکەکانیان) زیاد دەکات، کە ڕێگری لە دروستبوونی هاوکاریی بەکۆمەڵ و کاریگەر دەکات.

٣- گۆڕانکاری لە چەمکی «کات» و نەبوونی ئاسۆیەک بۆ داهاتوو: لە کۆمەڵگا زەبر لێ کەوتووەکاندا «داهاتوو» لە ئاسۆیەکی ڕوونەوە دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەی دڵەڕاوکێ. خەڵک لەبری پلاندانانی درێژخایەن، ڕوو لە «ستراتیژی مانەوەی کورتخایەن» دەکەن. چێژە کاتییەکان جێگەی هەوڵدان بۆ ئامانجە بەردەوامەکان دەگرێتەوە، چونکە دڵنیاییەک بۆ سەقامگیری سبەینێ نامێنێت.

٤- گواستنەوەی نەوەبەنەوەی ترۆما: یەکێک لە لایەنە قەرەبوو نەکراوەکان گواستنەوەی دڵەڕاوکێ و تووڕەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترە. دایک و باوکە زەبر لێ کەوتووەکان، بە شێوەی نەستی مودێلی ڕەفتاری لەسەر بنەمای ترس، دوورەپەرێزی یان تووڕەیی دەگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت ئەو وەچەیەش کە ڕاستەوخۆ بینەری قەیرانەکە نەبووە، ئازارە دەروونییەکەی هەڵبگرێت.

بەرەنجام

ترۆمای بەکۆمەڵ چەمکێکی سەرەکیی بۆ شیکردنەوەی دۆخی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە ئێرانی هاوچەرخدایە. ئەم زەبرە بەرهەمی لاوازی تاک و کولتووری نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی بارودۆخە درێژخایەن و پێشبینی نەکراوەکانە کە لە دەرەوەی توانای پرۆسێسکردنی تاک کاردەکەن. ترۆمای بەکۆمەڵ لە ئێراندا تەنیا یادەوەرییەکی تاڵ نییە، بەڵکوو توخمێکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی چالاکە کە کاریگەری لەسەر بڕیاردان، کارلێکی ڕۆژانە و تەنانەت تەندروستی دەروونی نەوە جیاوازەکانیش دادەنێت. سارێژکردنی ئەم ترۆمایە پێویستی بە کەشێک بۆ گێڕانەوەی ڕاستگۆیانە و دانپێدانان و بە فەرمی ناسینی ئازارەکان و دووبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی متمانەیە.

# نێوان ئاگر و سیاسەت: کێشەی کورد و تاقیکردنەوەی سنوورەکان



بێگەرد سوزەنی.

جوگرافیای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاریی توند و خێرادایە؛ لەم نێوەندەشدا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هێزە کوردییەکان و قەوارەی سیاسیی باشووری کوردستان وەک تەوەرێکی ستراتیژیی پڕ لە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە. ئەم دۆخە لە بازنەی ململانێی چەکداریی کلاسیکی تێپەڕیوە و ڕەهەندی قووڵتری پەیوەست بە سەروەریی دەوڵەت و هاوکێشەی هێزی ناوچەیی گرتووەتە خۆ، کە تێیدا تەکنەلۆژیای سەربازیی نوێ وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بووەتە ئامرازی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی ململانێکان. لە ناوخۆی ئێراندا، هێزە کوردییەکان وەک فاکتەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دێرین ئامادەییان هەیە، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا گوشارە ئەمنییەکان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار، کە ئامانج لێی سڕینەوەی کاریگەریی ئەم هێزانەیە لە نەخشەی سیاسیی داهاتوودا.

ئەو هێرشە بەردەوامانەی دەکرێنە سەر ناوچە سنوورییەکان و بە ئامانجگرتنی ڕاستەوخۆی بنکەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی درۆنەکانەوە، باشووری کوردستانی خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئەخلاقی و سیاسیی سەخت. شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگانەی لە پەنای کێوەکاندا و لە خاکی هەرێمدا، بە بێدەنگی و لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای دوورەوە دەکرێنە ئامانج، نیشانەی تێکچوونی تەواوەتیی هاوسەنگیی هێز و پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانە. ئەم جۆرە لە هێرشکردن نەک هەر لێدانە لە هێزێکی سیاسی، بگرە تێکشکاندنی ئەو ئارامییە ڕێژەییەیە کە هەرێمی کوردستان ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەدات. حکومەتی هەرێم لەم نێوەندەدا، لە نێوان پاراستنی سەروەریی خاکەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵ گوشاری هێزە دەوروبەرەکاندا، دووچاری چەقبەستوویییەکی گەورە بووە؛ چونکە بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەبوونی کاردانەوەی جدی لە لایەن زلهێزەکانەوە، دەستی وڵاتانی ناوچەکەی واڵا کردووە بۆ بەردەوامبوون لەم پێشێلکارییانە.

سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی جیاوازدا، بەتایبەت لە کاتی سەرۆکایەتیی ترامپدا، نیشانیدا کە هاوپەیمانییەتییەکان لای زلهێزەکان زیاتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کاتی و ئابووری داڕێژراون نەک پرەنسیپی مرۆیی. نەبوونی هیچ کاردانەوەیەکی کاریگەر یان هەڵوێستێکی ڕوون لە لایەن تیمی ترامپەوە بەرامبەر ئەو هێرشە درۆنی و مووشەکییانەی دەکرێنە سەر کورد لە باشوور، جۆرێک لە بێئومێدیی سیاسیی لای تاک و لایەنە کوردییەکان دروست کردووە. ئەم بێدەنگییە وەک گڵۆپێکی سەوز بینرا تا هێزە ناوچەییەکان بێ ترس لە سزای نێودەوڵەتی، سنوورەکان ببەزێنن و خاکی هەرێم بکەنە مەیدانی تاقیگە بۆ چەکە نوێیەکانیان. لێرەدا دەردەکەوێت کە دۆزی کورد لە هاوکێشە گەورەکاندا، زۆرجار دەکرێتە قوربانیی ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکانی نێوان واشنتۆن و پایتەختە کاریگەرەکانی تری ناوچەکە.

لە لایەکی ترەوە، تورکیا بە وردی چاودێریی ئەم بارودۆخە دەکات و هەوڵ دەدات زۆرترین کەڵک لەم ناسەقامگیرییە وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا نەتەوەییەکانی خۆی. تورکیا هێرشەکانی ئێران بۆ سەر حیزبە کوردییەکان وەک دەرفەتێک دەبینێت بۆ ئەوەی شەرعییەت بدات بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆی لە ناوخۆی خاکی هەرێمدا. بەم شێوەیە، جۆرێک لە هەماهەنگیی ناڕاستەوخۆ لە نێوان هێزە ناوچەییەکاندا دروست بووە کە تێیدا هەرێمی کوردستان بووەتە گۆڕەپانی کێبڕکێی هەژموونخوازی. ئەنقەرە لە ڕێگەی دروستکردنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی و ئەنجامدانی هێرشی درۆنیی بەردەوام، هەوڵی دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاو دەدات کە ئەمەش نەک هەر مەترسییە بۆ سەر هێزە سیاسییەکان، بگرە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر دیموگرافیا و ژیانی هاووڵاتیانی سڤیل لە گوندە سنوورییەکاندا.

بەردەوامیی ئەم دۆخە پڕ لە مەترسییە، کە تێیدا مرۆڤ و خاکی کورد دەبنە ئامانجی ئامێرە بێگیانەکانی جەنگ، ناوچەکە دەخاتە ناو قۆناغێکی چەقبەستووی پڕ لە ئازار. داهاتووی ئەم کێشەیە بەندە بەوەی کە ئایا هێزە کوردییەکان دەتوانن لە ناوخۆدا گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی دروست بکەن کە ڕێگری بکات لە بەکارهێنانی خاکی هەرێم بۆ ململانێی وڵاتان. بێ گومان تا ئەو کاتەی پرسیارە جەوهەرییەکانی تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسین و پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێم لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەڵام نەدرێنەوە، ئەم سووڕە گێژەوکەیەی توندوتیژی و شەهیدبوونی پێشمەرگە لە ژێر هێرشی درۆنەکاندا بەردەوام دەبێت. تەنیا دیالۆگێکی ڕاستەقینە و گۆڕینی تێڕوانینی وڵاتانی دەوروبەر بۆ پرسی کورد دەتوانێت کۆتایی بەم جەنگە نادادپەروەرانەیە بهێنێت کە تێیدا سیاسەت بە ئاگری درۆن و مووشەک دەنووسرێتەوە.

درێژەی لاپەڕەی ٤

## ڕەخنەیەک لەسەر وتاری لە گومان و ئینکارکردنی دابڕانخوازی

٤. کێشەی نیزامیبوون: ئەنجامی سەرکوتکردن، نە هۆی دابڕانخوازیی شیرازی لە وتارەکەیدا، بوونی هێزە چەکدارە کوردییەکان و پێکهاتەی پێشمەرگە، وەک نیشانەیەک لە خواست و ئاراستەی دابڕانخوازیی باس دەکات. بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، لە ڕووی شیکارییەوە تەواو نییە، چونکە پەیوەندیی نێوان هۆکار و ئەنجام بە پێچەوانە و هەڵە دەبینێت. نیزامی و چەکدارانەبوونەوەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بێهۆکار و لە بۆشاییدا دروست نابێت. لە شوێنێکدا کە چالاکیی ئازادانەی سیاسیی سەرکوت بکرێت، حیزبە یاساییەکان مافی بوون و چالاکیان پێنەدرێت، و بەشداریکردنی یەکسان لە دەسەڵاتدا نەگونجاو بێت، بەشێک لە بزووتنەوەکان بەرەو شێوەی سەربازی یان نیمچەسەربازی دەچن. ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت بە کوردەکان و تەنها لە چوارچێوەی ئێراندا نییە. لە زۆر ئەزموونی مێژوویی جیهاندا، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەربازیبوونی بزووتنەوەکان ئەنجامی داخستنی سیاسی و سەرکوتکردنی بەردەوام بووە.

هەر بۆیە، بوونی پێشمەرگە یان هەر هێزێکی چەکداریی تر، پێویست ناکات بە مانای دابڕانخوازێتی بێت. بەڵکوو دەبێت لە بەستێنی مێژوویی نەبوونی ئاسایش، نەبوونی متمانە، و نەبوونی میکانیزمە دیموکراتییەکاندا بخوێندرێتەوە. هەروەها دیارە کە بەردەوامیی چەک، خۆی دەتوانێت بێباوەڕی زیاتر دروست بکات. بەڵام چارەسەرەکە تۆمەتبارکردن نییە، بەڵکوو کردنەوەی ڕێگای سیاسەت، ماف، و گفتوگۆی یەکسانە.

٥. پارادۆکس لە گوتاری ناوەندخوازدا: تۆمەت لەبەرامبەر دانپێدانان

خاڵێکی گرنگ لە وتاری شیرازیدا ئەوەیە کە نووسەر لە بەشێک لە دەقەکەدا بە ڕۆڵی نایەکسانییە پێکهاتەییەکان، ناوەندیکردنی دەسەڵات، و سەرکوتکردن ئاماژە دەکات. ئەم دانپێدانانە لە ڕووی شیکارییەوە گرنگە، چونکە نیشان دەدات کێشەی نەتەوەیی لە ئێران تەنها بەرهەمی «خەیاڵ» یان «ئاواتخوازی»ی حیزبە کوردییەکان نییە، بەڵکوو ڕەگی لە سیاسەت و پێکهاتە نایەکسانەکاندا هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەم دانپێدانانەشدا، ئەنجامی وتارەکە هێشتا بەرەو تۆمەتبارکردنی کوردان دەچێت، نە ڕەخنە لە ناوەند. ئەمە هەمان ئەو پارادۆکسەیە کە لە زۆر گوتاری ناوەندتەوەردا دەبینرێت: کێشەکە دەناسن، بەڵام تاوانبار بە قوربانی دەناسێنن.

ئەگەر نایەکسانیی زمانی، کولتووری، ئابووری و سیاسی هەیە، ئەگەر ناوەند هەموو ئامرازەکانی دەسەڵاتی بەدەستە، و ئەگەر حاشیە هەمیشە لە بەشداریکردنی ڕاستەقینە بێبەش بووە، چۆن دەتوانرێت تەنها لەسەر داواکارییەکانی حاشیە قسە بکرێت و بەرپرسیارێتی ناوەند فەرامۆش بکرێت؟ پرس و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بە ئینکاری شوناسەکان چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو دەبێ لە ڕێگای گۆڕینی بنەڕەتیی پێکهاتەی دەسەڵاتەوە فام بکرێت.

**مافی دیاریکردنی چارەنووس تا سەربەخۆیی: داواکارییەکی ڕەوا و مەعقوولبە پێچەوانەی گوتاری ناوەندتەوەر، مافی دیاریکردنی چارەنووس نە شتێکی نائەخلاقییە و نە داواکارییەکە لە دەرەوەی ژیربێژیی سیاسی. ئەم مافە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بنەمایەکی ڕەوا بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانە.**

**نەتەوەی کورد لە ئێران، وەکوو باقی نەتەوە ستەملێکراوەکان، مافی ئەوەی هەیە کە سەبارەت بە شێوەی داهاتووی سیاسیی خۆی بڕیار بدات. ئەم بڕیارە دەتوانێت لە چوارچێوە جیاوازەکاندا خۆی نیشان بدات. بۆ بەشێك لە هێزە سیاسییەکان، فیدرالیزم یان خۆبەڕێوەبردن باشترین چارەسەرە. بۆ هەندێکی تر، سەربەخۆیی لە بارودۆخی تایبەتدا وەك چارەسەری کۆتایی دەخرێتە ڕوو. گرنگ ئەوەیە کە ئەم مافە لە سەرەتاوە ڕەت نەکرێتەوە.**

٦. مافی دیاریکردنی چارەنووس تا سەربەخۆیی: داواکارییەکی ڕەوا و مەعقوول

بە پێچەوانەی گوتاری ناوەندتەوەر، مافی دیاریکردنی چارەنووس نە شتێکی نائەخلاقییە و نە داواکارییەکە لە دەرەوەی ژیربێژیی سیاسی. ئەم مافە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بنەمایەکی ڕەوا بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانە.

نەتەوەی کورد لە ئێران، وەکوو باقی نەتەوە ستەملێکراوەکان، مافی ئەوەی هەیە کە سەبارەت بە شێوەی داهاتووی سیاسیی خۆی بڕیار بدات. ئەم بڕیارە دەتوانێت لە چوارچێوە جیاوازەکاندا خۆی نیشان بدات. بۆ بەشێک لە هێزە سیاسییەکان، فیدرالیزم یان خۆبەڕێوەبردن باشترین چارەسەرە. بۆ هەندێکی تر، سەربەخۆیی لە بارودۆخی تایبەتدا وەک چارەسەری کۆتایی دەخرێتە ڕوو. گرنگ ئەوەیە کە ئەم مافە لە سەرەتاوە ڕەت نەکرێتەوە.

سەربەخۆیی، لە ژیربێژیی سیاسیدا، نە تەنیا داواکارییەکی هەستەکیی نییە، بەڵکوو یەکێکە لە شێوازەکانی مسۆگەربوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

هەر نەتەوەیەک کە ساڵانێک لەگەڵ ئینکار، سەرکوتکردن و بێبەشکردن ڕووبەڕوو بووە، مافی ئەوەی هەیە کە ئەگەر هەموو ڕێگاکانی تر داخراین، هەڵبژاردەی سەربەخۆیی وەک هەڵبژاردەیەکی سیاسی لەبەرچاو بگرێت. ئەم مافە ناتوانرێت بە ناوی «دابڕانخوازێتی» لە گۆڕەپانی باسەکان بسڕدرێتەوە.

پشتگیری لەم مافە، بە تایبەتی لەبارەی نەتەوەی کوردەوە، لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

یەکەم، بنەمای مێژوویی: کوردەکان خاوەن ناسنامەی مێژوویی، زمانی و کولتووری جیاوازن.

دووەم، بنەمای سیاسی: سیاسەتە ناوەندتەوەرەکان، بەشداریکردنی یەکسانیان لێ سەندوون.

سێیەم، بنەمای یاسایی: بنەمای دیاریکردنی چارەنووس، بنەمایەکی ناسراو و ڕەسەنە لە بیرۆکەی سیاسیی مۆدێرندا.

٧. چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ئێران: ناساندن، نە تۆمەتبارکردن

ئەگەر بڕیار بێت کێشەی نەتەوەیی لە ئێران لە ئاستی ناکۆکی و گومان تێپەڕێت، پێویستە چەند بنەمای سەرەکی قبووڵ بکرێن:

یەکەم، بەفەرمیی ناساندنی فرەنەتەوەیی و فرەزمانی بوونی ئێران.

دووەم، بەفەرمیی ناساندنی زمانە دایکیەکان لە فێرکاریی، میدیا و دامەزراوە گشتییەکاندا.

سێیەم، بە ناوەندیی نەکردنی دەسەڵات و کردنەوەی ڕێگای ڕاستەقینە بۆ خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی.

چوارەم، کۆتایی هێنان بە سیاسەتە ئەمنی و سەربازییەکان دژی داواکارییە نەتەوەییەکان.

پێنجەم، قبوڵکردنی ئەو بنەمایە کە نەتەوەکان مافی بڕیاردان لەسەر داهاتووی سیاسیی خۆیان هەیە.

بێ ئەم گۆڕانکارییانە، هەر گفتوگۆیەک سەبارەت بە یەکگرتن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان، زیاتر لەوەی کە چارەسەر بێت، تەنها دووبارەکردنەوەی زمانێکی فەرمیی و مێژوویەکی سواوە. یەکگرتوویی ڕاستەقینە لە ناخی یەکسانیی و ڕەزامەندیەوە سەرهەڵدەدات، نە لە ناخی ئینکار و هەڕەشەوە.

وتارەکەی ئەسغەر شیرازی، سەرەڕای ئەوەی کە ڕووکارێکی شیکاریی هەیە، لە کۆتاییدا لە چوارچێوەیەکدا دەمێنێتەوە کە کێشەی نەتەوەیی لە ئاستی ماف و سیاسەتەوە بۆ ئاستی ئەمنیی و گومان دادەبەزێنێت. ئەم لێکدانەوەیە نە یارمەتی بە تێگەیشتنی کێشەکە دەدات و نە ڕێگایەک بۆ چارەسەری دەکاتەوە. بە پێچەوانەوە، بە بەردەوامبوونی ئەم ڕوانگە و بۆچوونە، بێباوەڕی قووڵتر دەبێتەوە و کەلێنی نێوان ناوەند و پەراوێز زیاتر دەبێت.

لە بەرامبەر ئەم جۆرە ڕوانگەیەدا، پێویستە بە ڕوونی بڵێین کە نەتەوەی کورد، وەکوو نەتەوەکانەی دیکەی نیشتەجێی ئێران، مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆی هەیە. ئەم مافە، لە خۆبەڕێوەبردنەوە تا فیدرالیزم و تا سەربەخۆیی، لە ڕیزی کۆمەڵێک هەڵبژاردەی ڕەوادایە. ڕەتکردنەوەی ئەم مافە، نە تەنها نیشانەی پاراستنی یەکپارچەیی نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی هەمان پێکهاتەیە کە کێشەکەی دروست کردووە.

ئەگەر بڕیار بێت داهاتوویەکی دیموکراتیک، سەقامگیر و دادپەروەرانە بۆ ئێران ببیندرێت، ئەو داهاتووە تەنها لەسەر بنەمای بەفەرمیی ناساینی مافە نەتەوایەتییەکان، لابردنی نایەکسانی و هەڵاواردن و قبووڵکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەناوەندیی نەکردنی دەسەڵات دەتوانرێت بنیات بنرێت. هەر ڕێگایەکی تر، تەنها بەردەوام بوونی هەمان بنبەستە کە ساڵانێکە ناوی دیکەیان لە سەر داناوە.

# وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ هاوڕێ ڕەزا کەعبی

## تەوەری یەکەم: دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئێران



**بەشی یەکەم**

**١- سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ ئێران، زۆر گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە. لە ئاستی کۆمەڵگەکانی کوردستان و ئێران بۆ یەکەم جار بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەشداریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر شەقام کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دادەنرێت. بزووتنەوەی ژینا توانیی نەزمی سیاسیی ئێرانی تووشی ئاڵنگاری بکات و ئێستا ڕژێم توانای گەڕاندنەوەی نەزمی پێشووی نییە. جیا لە کاریگەرییە سیاسییەکان، بزووتنەوەی ژینا کاریگەریی قووڵی کولتووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە. لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانیش پێویستیان بە گۆڕانکاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەیە. حیزبەکەی ئێوە چۆن هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگونجێنێت؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە ڕێکخراوەکەی ئێوە دوای بزووتنەوەی ژینا لە خۆیدا پێکی هێناوە؟**

● سەرەکیترین بابەت لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵە، ئەوە بوو کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەنگدانەوەی زیاتر لە چوار دەیە خەباتی کۆمەڵەی لە شەقامی کوردستان و لە گوتاری شۆڕشی ژینا بیست و ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پێداچوونەوە و نوێگەری لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا سوودی لێ وەرگرت. شۆڕشی ژینا دەنگی کوردستان بۆ ڕزگاری، دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی بوو؛ کۆنگرەی ئێمە هەوڵی دا لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو خواستە سەرەکییانە بە وردی و لە ئاستێکی بەرزتردا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیدا کە پەسەندی کرد، بگونجێنێت. لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا تاقیگەیەک بوو بۆ تیۆرییەکانی کۆمەڵە، کە هاوکات لەگەڵ سەلماندنی ڕەوایی خەباتی چەند دەیەی کۆمەڵە، پێویستیی پێداچوونەوە و نوێگەریی لە تیۆری و کردەوەدا دەرخست.

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، حیزبایەتی لە کوردستان، قەوارەی حیزبایەتی، دەور و ڕۆڵی لە کۆمەڵگە و چاوەڕوانیی کۆمەڵگە لە حیزب و حیزبایەتی، گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە و شۆڕشی ژینا ئەم چاوەڕوانییانەی بردووەتە ئاستێکی بەرزتر. شۆڕشی ژینا هەم ڕۆڵی گرنگی حیزبەکانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەرخست و هەم لایەنە لاوازەکانی حیزبەکانی لە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەکە؛ لە پەیوەندیی حیزب و کۆمەڵگە، لە گوتاری سیاسیی حیزبەکان، لە دیموکراسیی ناوخۆیی حیزبەکان و ڕادەی بەشداریی ئەندامانی حیزب لە بڕیارەکان و ڕێبازی سیاسیی حیزبدا و لە چۆنیەتیی بینینی مەیلە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە و بە ڕەسمی ناسینیان و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن بەرامبەریان نیشان دا.

شۆڕشی ژینا زیاتر لە جاران ئەوەی کردە باسی ڕۆژ و گرنگیی سیاسی لە کوردستان کە چۆن حیزبەکان خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان، چوونەسەرەوەی ئاستی خوێندەواری و وشیاریی کۆمەڵگە، لەگەڵ خەباتی مەدەنی و سیاسی (کە شۆڕشی ژینا باڵاترین ئاستی ئەم خەباتەی نواند) دەگونجێنن؟ شۆڕشی ژینا نیشانی دا کە ئاستی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیی حیزبەکان، بەتایبەت لە ئاستی بڕیار و بەڕێوەبەرایەتیدا، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە مەزنانەی کە بەسەر پێگە و کاریگەریی ژنان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە، یەک ناگرێتەوە. حیزبەکان پێویستە لە بابەتی ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاری حیزبیدا، بە شێوەی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو گۆڕانی جیدییان تێدا بکرێت.

کۆمەڵە گوتاری شۆڕشی ژینای بە گوتاری خۆی زانیوە و هەر لە ساڵی ١٣٥٧ـەوە بەم گوتارە هاتە ناو خەباتی سیاسی و جەماوەری؛ بە شۆڕشی ژینا بۆی دەرکەوت کە کاتی ئەوەیە بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆتر لەگەڵ کۆمەڵگە، بەشداریی بەرینتری ژنان لە ژیانی سیاسیی حیزب و گۆڕینی نۆرم و کولتووری حیزب و کاریگەریی ڕاستەوخۆتری حیزب لە کۆمەڵگەی کوردستان، دەبێت ئاڵوگۆڕی جیدی لە خۆیدا پێک بێنێت.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پاش شۆڕشی ژینا، کۆنگرەی ١٤ـەیەمینی خۆی بەست. ئەم کۆنگرەیە ناوی نرا «کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی» و ئەمەش نیشانەی خوێندنەوە، تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و سیاسییە قووڵەیە کە شۆڕشی ژینا بەدوای خۆیدا هێناویەتی. ئەم شۆڕشە، پەیامەکانی و کاریگەرییەکانی لە کوردستان، ئێران و جیهان، باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشابوو و دەتوانم بڵێم زۆرترین باسی تێدا کرا سەبارەت بە شۆڕشی ژینا و ئەوەی ئێمە چۆن دەتوانین لە گوتار، پەیامەکان و لە چاوەڕوانییەکانی شۆڕشی ژینا بۆ پتەوتر کردنی جێگە و پێگەی کۆمەڵە لە کۆمەڵگەدا سوود وەرگرین؟ چۆن دەور و ڕۆڵی ژنان لە کۆنگرە، لە ڕێبەری، لە پێکهاتەی حیزبی و لە بڕیارەکاندا جێ بکەوێت و بەهێزتر بکرێت و ببێتە نۆرمی حیزبی؟ لێرەدا من پێم وایە ئێمە پێویستمان بە کاری زۆرتر و ئاڵوگۆڕی جیدیتر هەیە. ناتوانین چاوەڕوانیی ئەوە بکەین کە لە یەک کۆنگرە و بە چەند بڕیارێکی حیزبی ئەو کەموکۆڕییانە چارەسەر بکرێن، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو پێوەرانەی شۆڕشی ژینا بۆ هەڵسەنگاندنی حیزبەکان لەسەر چاوەڕوانییەکانی لە حیزب و حیزبایەتی دایناوە، لەسەر سەری حیزب و داهاتووەکەی ڕاوەستاوە؛ ئەو حیزبە بە زیندوویی و بە کاریگەریی جەماوەری دەمێنێتەوە کە لە باڵاترین ئاستی خۆیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە لە خۆیدا پێک بێنێت.

**٢- لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە ئەو وڵاتە، بەپێچەوانەی پێشوو، هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی و «گەڕاندنەوەی گەورەیی و دەسەڵات بۆ وڵاتەکەی خۆی» دەدات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی پێکهێنانی گۆڕانکاریی سیاسی و کولتووری لەو وڵاتانەدا بکات. واتە مەرجەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیزەکردنی وڵاتان چیی دیکە تەنانەت وەک ڕیتۆریکیش بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا پێویست نین. ئەم گۆڕانکارییە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا چ واتایەکی بۆ ناوچەکە و بزووتنەوەی کوردستان هەیە؟ ئەگەری هەیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەو نەزمە نوێیەدا بگونجێنێت؟ لە وەها ئەگەرێکدا چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ چییان لێ بەسەردێت؟**

● من ئەوە بە گۆڕانکارییەکی زۆر بنەڕەتی لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا نازانم. ڕاستە لە گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکاندا زۆرجار باس لە مافی مرۆڤ کراوە، بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی سارددا کە بەرەیەکی جیهانی ئیدعای خەڵکیبوون، ئازادی و سۆسیالیزمی دەکرد؛ بەدەستەوەگرتنی دروشمی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە وەکوو ئامرازێک بەکار دەهات بۆ ئەوەی جووڵەی سەربازی یان هێرش بۆ سەر دەوڵەتان (کە لە هەر حاڵێکدا دامەزراوەیەکی سیاسیی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و هێرشکردنە سەری پێویستی بە تەوجیهـ، بەڵگە و هۆکاری پاساوهەڵگر هەبوو) و گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی لە بەرەی خۆیاندا نەبوون، ڕەوا و یاسایی بنوێنن. «بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی نوێی ئەمریکا» تەنیا ڕوونتر و واقعیتر مەبەست و ستراتیژیی نەتەوەیی خۆیانی خستە ڕوو و بێپەردە نیشانیان دا.

ئەگەری ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەم نەزمە بەناو نوێیەدا بگونجێنێت، بە هۆکاری ڕوون زۆر دوور دەبینم یان هەر نایبینم. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دروشمی شۆڕشی ئیسلامی و هەناردەکردنی ئەو شۆڕشە، هەڵخڕاندنی جەماوەری شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ باجگرتن لە وڵاتان، دژایەتی و بە قسەی خۆیان لەناوبردنی ئیسرائیل، خۆی پێناسە کردووە. ئەم حکوومەتە لەسەر هەناردەکردنی تیرۆریزم بۆ هەموو جیهان، کاری تیرۆریستی و تەقینەوە لە وڵاتانێک کە هەزاران کیلۆمەتر دوورە لێیان، خەسارکردنی هەزاران ملیار دۆلار بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و بەرنامەی هاژەکیی دوورهاوێژ دامەزراوە. هەموو شانازیی حکوومەتی دیکتاتۆریی ئیسلامیی ئێران بوونی هێزی قودسی سوپای پاسداران و دەستوپێوەندییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە زۆرجار خامنەیی بە چاوی دونیایدا دەدایەوە کە لە پێنج پایتەختی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حوکم دەکات.

حکوومەتی تاران سەودای گەیشتن بە دەریای ناوەڕاستیان لەسەردا بووە. ٤٧ ساڵ خەسارکردنی هەزاران ملیار دۆلار بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و تیرۆریزم و بەرنامەی شەڕەنگێزانەی ئەتۆمی و هاژەکی، لە ئاکامدا وێرانیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هەژاری و بێکاری، کۆماری ئیسلامیی خستووەتە دۆخێکەوە کە ڕێگەی پاشەکشەی بۆ نەماوەتەوە. بۆ پاراستنی خۆی لە هەموو ئەم ساڵانەدا، خەریکی سەرکوتی نەتەوە مافخوراوەکان، کرێکاران، ژنان و هەموو ئازادییەکان بووە. لە ڕاستیدا ئەو دروشمانە و بەرنامە ئەتۆمی و تیرۆریستی و

درێژەی لاپەڕە ٨

## وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ هاوڕێ ڕەزا کەعبی

هاژەکییەکەیان تەنیا هیوایان بووە بۆ مانەوە، کە ئەگەر دەستی لێ هەڵگرن بە کردەوە فەوتاون و ئەگەر لێی بەردەوام بن دیسان ئەگەری تێداچوونیان لە ئارادایە. من پێم وایە کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەی شەڕ و تیرۆریزم و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی هاژەکی و ئەتۆمی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و سەرکوتی هەر ڕۆژە و زیندانیش، ناتوانێت بمێنێتەوە و تەمەنی لە کۆتاییدایە.

چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیارە. کوردستان هەر لە سەرەتاوە نەک هەر ڕووی خۆشی بە حکوومەتی ئیسلامی نیشان نەدا، بەڵکوو بوو بە پێگەیەکی زۆر گرنگ لە دژی ئەو تەوژمە ئیسلامییە ئێرانی و ناوچەییە و کوردستان ڕێک بە پێچەوانەی «شۆڕشی ئیسلامی» هەڵوێستی گرت. ئەگەر بە ڕابردوودا دەچینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان لە دژوارترین ساڵەکاندا و بە کەمترین ئامادەیی و ئیمکانات و بەبێ بوونی دۆست و پشتیوانیی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ڕاوەستاوە و بە ڕاستی مێژوویەکی پڕ شانازی و بەنرخی بۆ خۆی تۆمار کردووە. ڕژێم هەر زۆر زوو پاش بەدەسەڵات گەیشتنی، هێرشی هێنا بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد و بۆ کپکردنی دەنگی ڕەوای دژی دزینی شۆڕشی جەماوەری و کردنی بە شۆڕشی ئیسلامی؛ لەشکر لەشکر هێزی ڕەوانەی کوردستان کرد، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ڕێک بەپێچەوانەی خواست و لەشکرکێشیی ڕژێمە. پانتایی چالاکیی بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرینترە؛ بزووتنەوە مەدەنییەکان لە ئاستێکی بەرز و پڕ ئەزمووندان؛ بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، ناسنامەخوازیی نەتەوەی کورد، ئاستی چاوەڕوانییەکانی و داخوازییەکانی لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە.

هەر بۆیە بزووتنەوەی کوردستان چاوەڕوانیی دەرەکیی نەبووە؛ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان ئەو هێزە بزوێنەرەن کە شۆڕشی کوردستان بەرەوپێش دەبەن. بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی و ناوەندە سیاسییە ڕێکخراوەکانی کورد، کەمتەرخەمن لە ئاست گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. یەکێک لەو خاڵە لاوازانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەوەیە کە لەم ٤٧ ساڵەدا، بەپێی قورسایی بزووتنەوەکە، گەورەیی خەباتەکە و ڕادەی خۆڕاگری و تێکۆشانی بزووتنەوەکە، کەمتر لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندە جیهانییەکان و لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا ناسراوە و جێگەی خۆی کردووەتەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕووداوە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان نەیانتوانیوە و ناتوانن خۆیان لە ژێر کاریگەریی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکاندا دەرباز بکەن. شۆڕشە گەورەکان کاتێک سەرکەوتوون یان ڕوویان داوە کە هەلومەرجی جیهانییان بۆ ڕەخسابێت. کۆماری کوردستان کاتێک سەری هەڵدا کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی، ئەو هەلەی بۆ ڕەخساند (دیارە بە پشتبەستن بە هێزی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی خۆی)؛ شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور کاتێک پەرەی سەند کە گۆڕانکارییەکانی عێراق دەرفەتیان بۆ ڕەخساند؛ ڕۆژئاوای کوردستان دوا نموونەیەتی؛ بەبێ بەهاری عەرەبی و لاوازبوونی دەسەڵاتی دیمەشق و دواتر ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەر، زەحمەت بوو ڕۆژئاوا بتوانێت خۆی ڕابگرێت. مافی ڕوونی بزووتنەوەی کوردستان، مافی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردە کە بۆ بەهێزکردنی لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ بدات بۆ ناسینی ژیرانەی گۆڕانکارییەکان و شرۆڤەی ڕۆژانەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان. بەستنی هاوپەیمانی و ڕاکێشانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد، ئەرکێکە کە حیزبەکان بەتایبەت دەبێت بیکەنە بەشێکی سەرەکی لە کاری خۆیان. لە ئەمڕۆی جیهاندا بەتایبەت بزووتنەوەی کوردستان، پێویستیی حاشاهەڵنەگری بە پەیوەندیی زۆر زۆر بەرین و گەورە هەیە لەگەڵ دونیای دەرەوە. هاوکات زۆر گرنگە بزانین بزووتنەوەیەکی ڕزگاریبەخش هەرگیز نابێت ئەوەندە قورساییی خۆی بخاتە سەر یارمەتی و پشتیوانیی دەرەکی، کە کاتێک ئەوان لە پشتیوانی کشانەوە، بزووتنەوەکە بکەوێتە سەر چۆک.

٣- شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل گورزێکی گەورەی سەربازی، سیاسی و ئابووریی لە ڕژێمی ئێران دا. تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران، چڕتربوونەوەی گوشارەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، خستنە ناو لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لە ژمارەیەک وڵاتی وەک ئوسترالیا، قووڵتربوونەوەی قەیرانە ئابووری-سیاسییەکانی ئێران، قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم و تۆخبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران؛ هەموو نیشانەکانی قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەکە و ئێرانن. ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سیاسییە دەکەن؟ پرسیارێک هەیە ئاخۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ سیاسەتێکی نوێتان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە هەیە، یان هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی زیاترن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی نوێ بگرنە بەر؟

● لەم باسەدا، ئەوەی بۆ حیزبێکی کوردستانی گرنگە، خوێندنەوەی دەرفەت لەناو جەرگەی قەیراندایە. ئەو زەبرە سەربازی و سیاسییەی لە حکوومەت کەوتووە، دەتوانێت لە درێژەی خۆیدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای سەرکوت. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، لە داهاتوودا ئەگەری هەوڵی حکوومەت بۆ کۆنترۆڵی ناوەند، دەتوانێت تا ڕادەیەک بۆشایی هێزی سەرکوت لە کوردستانی بەدواوە بێت. لە دۆخی ئەمڕۆدا کە مەودای نێوان «دەسەڵات» و «کۆمەڵگە» گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی، سیاسەتی ئەمڕۆ نابێت چاوەڕوانی بێت و وەکوو بینەرێک تەنها سەیری ڕووداوەکان بکەین، بەڵکوو دەبێت تۆکمەتر و زیاتر لە جاران و بەوپەڕی تواناوە، ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان و گۆڕینی فاکتەری قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم بۆ بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی جەماوەریی بەرین بکەین.

لەم ڕێگەیەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان جیا لە هەوڵەکانی ناوخۆی وەکوو حیزب، بانگەوازی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی کردووە و هەوڵی داوە ئەو لێک نزیکبوونەوەیە بگاتە ئاکام، بۆ ئەوەی ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو بین. هاوکات ئامادەین هاوکاریی ئەو هێزانەی دەرەوەی کوردستان بکەین کە دیموکراسیخواز و ئازادیخوازن و نەتەوەی کورد و مافەکانی بە ڕەسمی دەناسن. ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا و ئوسترالیا سوپای تیرۆریستیی پاسدارانیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، دەتوانێت دەرگایەکی نوێ بەڕووی بزووتنەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان و حیزبەکانیدا بکاتەوە، کە بە درێژایی تەمەنی ئەو هێزە دژی ڕاوەستاون.

پرسیاری سەرەکی بەڵام هێشتا ئەوەیە: ئایا حیزبەکانی کوردستان چاوەڕوان دەبن یان دەستپێشخەر؟ مێژوو دەری خستووە کە «چاوەڕوانیی پەتی» کوشندەیە. ئێمە نابێت تەنها چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانی تاران بین، بەڵکوو پێویستە بە یەکگرتوویی خۆمان و لە ڕێگەی بەهێزکردنی ناوەندە مەدەنییەکان، ڕێکخراوەکانی کرێکاران، ژنان و لاوان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی وڵات، خۆمان وەکوو ڕاستییەکی سیاسی و ئاڵتەرناتیڤێکی پێشکەوتوو و ئازادیخواز بسەلمێنین، کە دەتوانێت پشتگیریی جیهانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی تێپەڕینە لە «دۆخی چاوەڕوانی» بۆ «دۆخی ئامادەکاریی تەواو». ڕژێمێک کە لە دەرەوە زەبری گەورەی لێ دەدرێت و لە ناوەوە مەشرووعییەتی نەماوە، دەکرێت لە ڕێگەی هێزی یەکگرتووی جەماوەرەوە ڕامالدرێت.

٤- بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەک تۆختر لە جاران، بەڵکوو گرژتریش ببێتەوە. حیزبەکەی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیزبەندییانەدا دەکات و خۆی لە کام بەرەدا دەبینێتەوە؟ ئەو بەرەیە تا چەند لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و دروشم و داخوازییە سیاسییەکانی ئێوە یەک دەگرێتەوە؟

● ڕاستە، شۆڕشی ژینا جۆرێکی نوێ لە ڕیزبەندی و سنووربەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێنایە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و ئێران. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەبارەت بە ڕیزبەندیی سیاسی لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، سیاسەتی ڕوون و ڕاگەیەندراوی هەیە. پرەنسیپی ئێمە ئەمەیە: «ئێمە ناچینە هیچ ئیئتلافێک مادام مافی نەتەوایەتیی کورد بە ڕەسمی نەناسرابێت و دان بە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتیی سەر کوردستان بە ڕوونی و بەپێی ویستی خەڵکی کوردستاندا نەنرێت.» بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دەبێت بە ڕوونی هەڵوێست و سیاسەتی خۆیان ڕابگەیەنن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنن. بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی نابێت چاوەڕوانی ئەوە بن کە لە «ئێرانەوە»، لە «ناوەندەوە» بڕیاریان بۆ دەربچێت و «بەشیان» بدرێت.

کوردستان دەتوانێت لە ڕیزبەندیی سیاسی و چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕەکان لە ئێراندا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە، قایم و کاریگەر و بەرچاو ببینێت، کە بە هاوپەیمانی دەکرێت و قورسایی کورد بە هاوپەیمانی دەپارێزرێت؛ ئەگینا هەر حیزبێک شوێن هاوپەیمانیی «سەراسەریی» خۆی دەکەوێت و بەم جۆرە نیشانی دەدەین کە هیچ دەرسێک لە مێژوو وەرناگرین. هاوپەیمانییەکی بەهێز و یەکگرتوو دەتوانێت پشتیوانیی نەتەوەکانی دیکە و کۆمەڵگەی مەدەنی، کرێکاران و ژنان بەدەست بێنێت و ببێتە گەورەترین و بەهێزترین ڕیزبەندی و ئیئتلافی سیاسی، کە لە ناوەندەوە ڕێگە نەدات کارەساتەکانی ڕابردوو (لە قۆناغەکانی دامەزراندنی ڕژێمی پاشایەتی و پاشان هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی) دووپات بکرێتەوە.

حیزبی ئێمە هەڵوێست و ستراتیژیی زۆر ڕوونی سەبارەت بە هەر جۆرە هاوکاری و هاوپەیمانییەک هەیە. ئێمە زۆر ڕاشکاوانە ڕامانگەیاندووە تەنها لە بەرەیەکدا دەبین کە ناوەندگەرا نەبێت و بێئەملاوئەولا مافی نەتەوەکان و بەدیاریکراوی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی، بە ڕەسمی بناسێت. لایەنگران و خوازیارانی سیستەمی تاکەکەسی و نادیمۆکراتیک، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن هاوکار و هاوپەیمانی ئێمە بن. پابەندبوون بە سێکیولاریزم و دیموکراسی دوو مەرجی دیکەن کە دیاری دەکەن ئێمە لە کام بەرە و لەگەڵ کام ڕەوتی سیاسی دەتوانین هاوپەیمان بین.

دوای شۆڕشی ژینا، ئۆپۆزیسیۆن بوو بە دوو جەمسەری سەرەکی: بەرەی نەتەوەیی-ناوەندگەرای توندڕەو؛ کە زۆرینەیان لە دەوری دروشمی «یەکپارچەیی سەرزەمینی» کۆبوونەتەوە، بە زەبری پارە و بە پشتبەستن بە چەند کەناڵی ڕاگەیاندن زەق کراونەتەوە و زیاتر لە هێزی ڕاستەقینەیان خۆیان دەردەخەن و مافی نەتەوەکان بە مەترسی بۆ سەر «ئێرانی مەزن» دەبینن. دووەم، بەرەی دیموکراسیخواز و پێشکەوتوو؛ کە پێیان وایە دیموکراسی لە ئێران بەبێ چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی تر نایەتە دی. دیارە بەداخەوە ئەم بەرەیە نایەکگرتوو و لاوازە.

بە کورتی سیاسەتی ڕوونی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەوەیە کە: «مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان هێڵی سوورە». ئێمە ئامادەی گفتوگۆ و هاوکاری لەگەڵ هەر هێزێکین، بەو مەرجەی دان بە «کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و یەکەیەکی نەتەوەیی» و «مافە نەتەوەییەکان»یدا بنێت.

ئەوەی ئەمڕۆ تا ڕادەیەک جێگەی مەترسییە بۆ کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردستان، سەرهەڵدانەوەی گوتارێکی شۆڤێنیستییە لەناو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، کە دەیانەوێت شۆڕشی ژینا لە مانا ڕاستەقینەکەی (کە «ژن، ژیان، ئازادی» بوو و لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد) خاڵی بکەنەوە. کۆمەڵە لێرەدا بەرگریکاری ناسنامە و ناوەڕۆکی شۆڕشەکەیە و کار بۆ ئەوە دەکات کە مافی کورد لە ژێر ناوی «دروشمە گشتییەکان»دا ون نەبێت. ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەم قۆناغەدا بەتەمایە و کاری بۆ دەکات، دەرخستنی کوردستان و بەرەیەک لە نێو حیزبە سیاسییەکانی، وەکوو جەمسەرێکی هاوپەیمانیی نوێیە کە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆکردنەوەی هەموو لایەنە دیموکرات و ئازادیخوازەکانی دژی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی کوردستاندا ببینێت.

**درێژەی هەیە- سپاس بۆ کاربەدەستانی گۆڤاری بەپێزی «تیشک» کە فایلی ئەم وتووێژی پێدابن.**

# ئێران و پرسی کورد



بێتا محەمەدی

لەمانگەکانی دواییدا، گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکانی ئێران جارێکی تر سەرنجی شرۆڤەکارانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ڕاکێشاوەتەوە. لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی گوشاری دەرەکی، قەیرانی ئابووری و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، هاوکات هەندێک پرسی ناوخۆییش وەک فاکتەری گرنگ لە هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتدا دێنە ئاراوە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە هەمیشە لە سیاسەتی ناوخۆی ئێراندا گرنگی هەبووە، پرسی کوردستان لە ئێران و داواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردە لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا. لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار و سیاسەتەکانی حکوومەت بەرامبەر بەم ناوچانە نیشان دەدات کە ئەم بابەتە هێشتا پێگەیەکی گرنگی لە ناو هاوکێشە ئەمنی و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی دواییدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای ئاڵۆز بووەتەوە. کێشە ئابوورییە بەربڵاوەکان، زیادبوونی گوشارە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی وڵات، لەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییان لەسەر کەشوهەوای سیاسی ئێران هەبووە.

لە پەنای ئەم بابەتانەدا، پرسی نەتەوەکان لە ئێران، بەتایبەت پرسی کورد، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی سیاسەتی ناوخۆی وڵات بە ئەژمار دێت.
سیاسەتەکانی چەند دەیەی ڕابردوو نیشان دەدەن کە حکوومەتی ئێران زۆرتر لە چوارچێوەیەکی ئەمنیدا سەیری ئەم بابەتەی کردووە.

هەستیاریی حکوومەت بەرامبەر بە چالاکییە سیاسییەکان لە کوردستان و هەروەها بەرامبەر بە پارتە سیاسییە کوردییەکان، ڕەگی لە نیگەرانیی بڵاوبوونەوەی داواکارییە سیاسییەکان لەم ناوچانەدا هەیە. ئەم نیگەرانییە بەتایبەت لەو قۆناغانەی کە وڵات ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆیی یان دەرەکی دەبێتەوە، زیاتر لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەکانەوە سەرنجی دەخرێتە سەر.

لە ساڵانی دواییدا، بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکانیش تووشی گۆڕانکاری بوون. چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان کورداندا چیتر تەنیا لە بوارە سەربازییەکاندا قەتیس نەماون و بەشێکی بەرچاوی ئەم چالاکییانە لە چوارچێوەی چالاکیی مەدەنی، کولتووری و میدیاییدا پێوشوێنیان دەگیرێت.

گەشەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا سەربەخۆکانیش بووەتە هۆی ئەوەی داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە کوردستان زیاتر لە ڕابردوو بوروژێنرێن و لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی دەنگ بدەنەوە.

لە لایەکی ترەوە، گۆڕانکاریی ناوچەییش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، کورد لە هەندێک وڵاتی ناوچەکە وەک عێراق و سووریا، ڕۆڵێکی گرنگتریان لە پێکهاتە سیاسی و ئەمنییەکاندا پەیدا کردووە. ئەم گۆڕانکارییانە بووەتە هۆی ئەوەی پرسی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی زیاتر گرنگی پێ بدرێت.

هەرێمی کوردستانی عێراقیش لەم نێوەندەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەم ناوچەیە وەک قەوارەیەکی سیاسیی خۆبەڕێوەبەر لە هاوسێیەتی ئێران، لە ڕووی سیاسی و جوگرافییەوە بۆ زۆرێک لە گرووپە سیاسییە کوردەکان گرنگی هەیە. چالاکیی هەندێک پارتی سیاسیی کورد لەم ناوچەیەدا بووەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە کوردانی دانیشتووی ئێران هەبێت.

لە دۆخێکی وەهادا، یەکێک لە تەحەدا گرنگەکانی پەیوەست بە پرسی کورد لە ئێران، زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنی بووە بەسەر ڕوانگە سیاسی و مەدەنییەکاندا. زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە بەردەوامیی ئەم نیگایە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم پرسە لە ماوەی ساڵاندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نەبێت.

لە بەرامبەردا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە داواکارییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی خەڵک لە ڕێگەی مەدەنی و ئاشتیخوازانەوە بخاتە ڕوو. ڕۆڵی چالاکوانانی مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لەم ناوچانەدا لە ساڵانی دواییدا زیاتر لە ڕابردوو سەرنجی خراوەتە سەر.

**کۆبەندی و کۆتایی**

بەگشتی، پرسی کورد هێشتا وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکان لە سیاسەتی ناوخۆی ئێراندا دەمێنێتەوە. گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی وڵات و هەروەها داواکارییە سیاسی و کولتوورییەکان لە کوردستان، هەموویان ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەری لەسەر داهاتووی ئەم پرسە دادەنێن.

داهاتووی ئەم بابەتە تا ڕادەیەکی زۆر بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران و جۆری ڕوانگەی دەسەڵات بۆ داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا بەستراوەتەوە.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە پرسی کورد وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا دەمێنێتەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشتنی داهاتووی سیاسی وڵاتدا بگێڕێت.

# کۆماری ئیسلامی وەکوو دیاردەیەکی نێودەوڵەتی



کەیوان دوورودی

٤٧ساڵ دەسەڵاتداریی ڕژیمێ کە وەکوو ئایدیۆلۆژی زۆر دوورە لەم سەردەمە، پرسیارێکی جیددی دروست دەکات؛ ئاخۆ چۆن ماوەتەوە؟ لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بەرهەمی جۆرێ لە لێکگرێدراویی نێودەوڵەتییە کە بۆ ناسینی دیاردەناسانەی، پێویستمان بە تاوتوێکردنێکی بابەتی و جەوهەریی هەیە. کۆماری ئیسلامی بە ناسینی بۆشاییەکانی نەزمی نیودەوڵەتی، هەر لە سەرەتاوە دەستی کرد بە بارمتەگرتنی بیانییەکان، ئەوان کاتێ دڵنیا بوون کە بارمتەگرتنی ئامریکاییەکان لە لوبنان وەڵام دەداتەوە؛ ئیتر تێگەیشتن کە بۆشاییەکانی نەزمی جیهانی، ڕێگە دەدات کە بە سیاسەتی «الذ×ر بالرعب» ئامانجی ئایدیۆلۆژیک، نارەوا و دژەمرۆییان یەک لە دوای یەک بپێکن. ڕژیم وەختێ درۆنگیی وڵاتەکانی بۆ بەتیرۆریستناساندنی سپای پاسداران هەست پێ کرد؛ ئیتر تێگەیشت کە دەتوانێ لە پشتەوەی ناوی دەوڵەتی جێگیرەوە هێزی تیرۆریستی هەناردە بکات و ئەم ڕەوتە تا ئێستەش بەردەوام بووە. هەر ماوەیەک لەمەوپێش و هاوکات لەگەڵ شەڕی ئامریکا و ئیسرائیل بەرامبەر بە ئێران، سپانیا جارێ تر باڵوێزخانەی خۆی لە تاران کردەوە و ئاڵمان دوای ماوەیەکی دوورودرێژ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران جارێکی تر دەست پێ کردەوە لە کاتێکدا کە گشت لایە چاوەڕوانی تەریککەوتەیی ڕژیم بوون. بابەتەکە تا شوێنێ چووە پێش کە ئوتریش و ئیتالیاش ڕێگەیان بە ئامریکا نەدا تا لە پێگە نیزامییەکانیان کەڵک لە دژی ئێران وەربگرێ و دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ئامریکا هەڕەشەی کرد کە بەزوویی پێداچوونەوە بە بناغەکانی بەشداری و ئەندامەتی لە «ناتۆ» دەکات؛ چونکە ولاتانی ئورووپایی ئامادە نین لە «ڕۆژە سەختەکاندا» (ئاماژە بۆ سەڕی ئێران، بەتایبەتی کردنەوەی گەرووی هورمۆز) یارمەتیدەری ئامریکا بن. هەر لەم ماوەدا کۆماری ئیسلامی بۆی دەرکەوت کە بە داخستنی گەرووی هورمۆز، دەتوانێ کارتی «تیرۆریزمی ئابووری» بۆ تۆقاندن و پاشەکشەپێکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بێنێ. کاتێ ڕژیم دەستی بۆ ئەم کارتە برد، حووسییەکان بیریان لەوە کردەوە کە ئەوانیش دەتوانن لە ڕێگەی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر گەرووی «بابئەلمەندەب» باجوەرگرتن لە جیهان بکەن بە پردەبازێ بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەبارمتەگرتنی ئابووریی جیهان. لە بیرمان نەچێ کە بەپێی راپۆرتەکان، چین و ڕووسیە بەشدارییەکی چالاکانەیان لە شەڕی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئامریکا و ئیسرائیل کردووە. کۆی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک زۆربەی دیاردەکانی تری ئەم سەردەمە، بابەتێکی ئاڵۆز و لێکتەنراوی نێودەوڵەتییە و خوێندنەوەیەکی دروست بۆ چییەتی و چۆنییەتیی ئەم ڕژیمە، دەبێ هەڵگری هەموو ئەم ڕەهەندانە بێ. ڕژیمی ئێران لە ئێستادا، بە جێگەی ئەوەی وەکوو دەسەڵاتێکی یاخی و یاسابەدەر بناسرێ، بووەتە باجگیرێکی ملهوڕ کە ڕێ بە ژمارەیەک لە وڵاتان دەگرێ لە هاتوچۆیان لە گەرووی هورمۆز و لەلایەن بەشێ لە وڵاتانیشەوە پشتیوانی دەکرێ.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوام بێ و بە پێدانی هەندێ ئیمتیاز بە ئامریکا و ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ئیسرائیل، درێژە بە تەمەنی خۆی بدات؛ ئەوە ئیتر وەک سەرباشقەیەکی سەرکەوتووی لێ دێ کە توانیویە بێ ڕەواییەکی راستەقینە بۆ نزیک بە نیو سەدە بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێ کە بۆ بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتێکی ئاخیرزەمانی و دژەمرۆیی لەلایەن سیستەمی نێودەوڵەتییەوە دەستنیشان کراوە. لەو ماوەدا دەرکەوت کە گەمارۆی ئابووری وەکوو بەهێزترین کارتی دەستی ڕۆژاوا بە باشی کار ناکات و ناتوانێ گۆڕانکاری لە ڕژیم و هەڵسوکەوتی دروست بکات. جگە لەمە، دابەشبوونی ڕۆژاوا و یەکانگیریی سەرەڕۆکانی هاودەستی ڕژیم وەکوو حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی لە ڕەوتی شەڕ، ئەوەی دەرخست کە بەرەی دێموکراتیک، بەو ئەندازەش کە وێنا دەکرا، خاوەن هاوپێوەندی و پتەوی نییە. لە لایەکی ترەوە، لەڕووی سەختئامێرییەوە هەر لە پارچەکانی درۆن و هاژەکەوە بگرە هەتا دووربینەکانی ناسینەوەی ڕوخسار لە شەقامەکانی ئێران، لە بازاڕی ڕەش و هەندێ جار لە ڕێگەی کۆمپانیای ساختەوە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکاوە دەگەنە دەست ڕژیمی ئێران؛ ئەم بۆشاییە وای کردووە کە ڕژیمی ئێران پڕچەک بێ بەو ئامرازانەی کە بۆ مانەوەی گرینگ و بنەرەتین. کەواتە تەنانەت لەڕووی ئامێرەکانیشەوە، کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی بانگەشە و پرۆپاگاندای خۆی، بوون و بەرهەمی پەیوەندییەکی نێودەوڵەتییە. هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەدا دەبێ سەیری هۆکارەکانی بێئاگام مانەوەی دەیان نارەزایی و سەرهەڵدانی ناو جوغرافیای ئێران بکەین. ئەزموونیش دەریخستووە کە هیچ دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر تا ئێستە لەلایەن خەڵکەوە نەڕووخاوە؛ بەڵکوو بەهۆکارگەلێ وەکوو داڕمانی ناوخۆیی، یان لێدانی دەرەکی و یان ئاوێتەیەک لە هێرشی نیزامی و ڕاپەڕینی جەماوەری لەناو براون.

بۆیەش هەوڵدان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری یان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، پێویستی بە هەنگاوگەلێک هەیە کە بتوانێ ئەم ڕژیمە لە لایەنی جیاوزەوە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بزانین کە ئەو ڕێگایانەی تا ئێستە گیراوەتە پێش، بۆ لەمەودواش ناتوانن وەڵامدەر نابن.
وەکوو کوردیش، دەبی وریا بین کە خودی پرسی داگیرکراویی کوردستان، دیسان گرێدراوی سیستەمێکی نێودەوڵەتییە. کۆماری ئیسلامی هیچ نەبێ، دەوڵەتە و ئەمەش ڕێگەی پێ دەدات تا لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە باری نێودەوڵەتی دژی بزووتنەوەی کوردستان، کەڵک وەربگرێ. جگە لەمە بەشێکی بەرچاو لەوانەی لەژێر ناوی «ئۆپۆزیسیۆن» بەناو چالاکی دەکەن، بەشێکی بەرچاو لە توانا و وزەی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان دەکەن کە پرسی کورد لە ناوەڕۆکی سیاسی و حوقووقی بەتاڵ بکەنەوە و بیگۆڕن بۆ پرسی تەناهی (ئاسایش)ی ناوخۆی ئێران و ناوچەکە. بۆیە دەبێ ئەو پۆتانسییەلەی دیاسپۆرای کورد هەیەتی، زیاتر لە جاران بەکار بێ بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ فاشیزمی ئێرانی. هەرجۆر بێ، وەک ئاماژەی پی کرا، دەبێ بەدوای ڕێگەچارەگەلێ بگەڕێین کە ڕەنگبێ تا ئێستە بەوردی بیرمان لی نەکردبێتەوە.

# کۆیلایەتی لە سایەی ئازادیدا؛ کاتێک نامۆبوون دەبێتە ناسنامە

مێژ و و ی

**دواڕۆژ**

نه ته و ه

ژێردەستەکان هەمیشە پڕ بووە لە هەوراز و نشێوی غەدر، بەڵام هیچ غەدرێک هێندەی «نامۆبوون لە ناسنامە» و «خۆبەبچووکزانین» لەبەردەم داگیرکەردا پڕ لە ئازار نییە. کاتێک مرۆڤ لە ژێر سایەی ئازادیی وڵاتێکی دیموکراسیدا دەژی، کەچی هێشتا بە عەقڵییەتێکی کۆیلانە بیر دەکاتەوە، لێرەدا کارەساتە گەورەکە ڕوودەدات. فریدریش نیتچە، فەیلەسووفی ئەڵمانی، بە جوانی دەڵێت: «خراپترین جۆری کۆیلایەتی ئەوەیە کە کۆیلە پێی وابێت ئازادە.» ئەم گوتەیە بە تەواوی وێنای ئەو کەسانە دەکات کە لە دڵ و ناوەندی ئەوروپادا، لە جیاتی ئەوەی ببنە دەنگی کپکراوی نەتەوەکەیان، دەبنە پاشکۆی ئەو دەسەڵاتەی کە ڕۆڵەکانیان لە سێدارە دەدات.

فرانتس فانۆن، بیرمەندی شۆڕشگێڕ، لە شیکردنەوەی دەروونناسیی داگیرکاریدا ئاماژە بەوە دەکات کە گەورەترین سەرکەوتنی داگیرکەر ئەوە نییە کە خاکەکە بگرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە وا لە داگیرکراو بکات شەرم لە ناسنامەی خۆی بکات و هەوڵ بدات ببێتە هاوشێوەی داگیرکەرەکەی. کاتێک کوردێک لە سویسرا یان هەر شوێنێکی تری دنیا، لە ژێر ناوی یادی شەهیداندا، دروشمی «فیدای ئەو وڵاتە» دەڵێتەوە کە بکوژی ڕۆڵەکانیەتی، ئەوە تەنیا هەڵەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو شکستێکی ئەخلاقی و ویژدانییە. ئەمە جۆرێکە لە «شێواندنی مێژوو» کە تێیدا بکوژ و قوربانی لە یەک چوارچێوەدا کۆدەکرێنەوە.

ئێمە چۆن دەتوانین چاو لە خوێنی ئەو گەنجانە بپۆشین کە زیاتر لە پەنجا ڕۆژە دەنگیان کپ کراوە؟ چۆن دەکرێت ئەو ئەشکەنجانەی لە زیندانەکاندا بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی نیشتمان دەکرێن فەرامۆش بکرێن؟ «کوردە کاڵفامەکان» کە لە پەراوێزی ئاسودەیی ژیانی غەریبیدا، حەقیقەتی خوێنی گەنجانی نیشتمان و هاواری دایکی شەهیدانیان بیر چووەتەوە، دەبێت بزانن کە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات. وەفاداری بۆ خاک تەنیا دروشم نییە، بەڵکوو پاراستنی ئەو سنوورە ئەخلاقییەیە کە «خوێن» لە «خەیانەت» جیا دەکاتەوە.

ناکرێت ستایشی ئەو دەسەڵاتە بکرێت کە هیچ مافێک بۆ نەتەوەکەمان دانانێت و تەنیا زمانی پەتی سێدارە دەناسێت. ئەو کوردەی لە ناوخۆدایە، بە جەستە ماندووەکەیەوە ڕووبەڕووی ستەم دەبێتەوە، چاوەڕوانی ئەوەیە دەنگی لە هەندەران دەنگی حەقیقەت بێت، نەک دەنگی خەملێندراوی داگیرکەر. هەر بۆیە، ئێمە وەک خاوەنانی ئەم دۆزە، تا دوا هەناسە پابەندین بەو خاکەی کە قوربانیی بۆ دەدەین. دڵی ئێمە لە هەر کوێیەک بین، بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ ئازادیی کوردستان لێ دەدات.




شەرمەزارییە بۆ ئەوانەی لە ئاستی خوێنی تازەی گەنجەکانماندا، هێشتا لە نێو تەمومژی ناسنامەی دەستکرددا وێڵن. دەبێت بزانرێت کە ناسنامەی ئێمە لە شاخەکان، لە زیندانەکان و لەو پەیامانەوە سەرچاوە دەگرێت کە شەهیدان بە خوێنی خۆیان نووسیویانە. هەر هەوڵێک بۆ ئاوێتەکردنی ئەم ناسنامەیە بەو سیستەمەی کە هەبوونی ئێمە ڕەت دەکاتەوە، خیانەتێکی گەورەیە لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەیەک کە بڕیاری داوە بە سەربەرزی بژی.

# سپای پاسداران؛ سپایەکی سەرکوت و تیرۆریست..!

**دواڕۆژ**

کاتێک باس لە سپای پاسداران دەکرێت، خەیاڵەکان یەکسەر بەرەو ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیرییەک دەچن کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە؛ ناسەقامگیرییەک کە بێگومان لەلایەن هێز و گرووپەکانی سەر بەم دامەزراوەیەوە دێنە ئارا و ڕێکدەخرێن.

٤٧ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی دووی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی لە فەرمانێکدا بە فەرمی دامەزراندنی سپایەکی ڕاگەیاند کە تا بە ئەمڕۆش وەک مۆتەکەیەک بەسەر سەری کۆمەڵگەی ئێران و ناوچەکەدا دەسووڕێتەوە. سپایەک کە وەک ڕێکخراوێکی سەربازی، باسکی چەکداری و بڕبڕەی پشتی کۆماری ئیسلامیی دێتە ئەژمار.

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی سپای پاسداران، هەندێک هێزی چەکداری دیکەش بە شێوەی خۆڕسک بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامیی و بە دەستووری هەندێک لە بەرپرسانی باڵا سەریان هەڵدا؛ وەک گاردی شۆڕش، گاردی زانکۆکان و هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامیی. بوونی چوار هێزی هاوتەریب ببووە هۆی دروستبوونی هەندێک گرژی و ناکۆکی لە نێوانیاندا، هەر بۆیە هاشمی ڕەفسنجانی وەک کەسایەتیی جێ متمانەی خومەینی ڕادەسپێردرێت تا سەرپەرشتیی ئەم هێزانە بکات، ڕێکیان بخاتەوە و سپایەکی دڵخوازی خومەینی دابمەزرێنێت.

لە ٢ی گوڵانی ١٣٥٨دا، سەرجەم ئەو هێزانە تێکەڵ بە سپای پاسداران دەکرێن و جەوادی مەنسووری وەک یەکەم فەرماندەی سپا دەستنیشان دەکرێت. ماوەیەک دواتر کەسێک بە ناوی ئەبوو شەریف کرا بە فەرماندە. لە دوای تێکەڵکردنی هێزەکان، موحسین ڕەزایی، موحسین ڕەفیقدۆست و عەباس دووزدووزانی داوا لە خومەینی دەکەن سپای پاسداران بکرێتە هێزێکی سەربەخۆ. بەم جۆرەش لە ٢٢ی گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاویدا، سپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا بە فەرمی بوونی خۆی ڕاگەیاند.

لە درێژەدا موحسین ڕەزایی وەک فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران دەستنیشان کرا و بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە. داتا و ئامارەکانی تایبەت بە ژمارەی سەرباز و تواناکانی ئەم سپایە، لە یەکەمین ڕۆژەکانی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ بە وردی نەزانراوە، بەڵام بە گشتی باس لە ١٢٠ هەزار تا ٣٥٠ هەزار ئەندام دەکرێت کە هەموویان وەفاداری کۆماری ئیسلامین.

شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق دەرفەتێکی زێڕینی بۆ سپای پاسداران خوڵقاند؛ دەرفەتێک کە تێیدا سپا توانی دەست بەسەر هەموو موڵک و سامانی دەوڵەتدا بگرێت. سپای پاسداران چ لە کوردستان و چ لە ناو جەرگەی شەڕی ئێران و عێراقدا، چووە نێو ئابووریی بازاڕی ڕەشەوە. ئەم هێزە بۆ دابینکردنی خەرجیی چالاکییە جەنایەتکارانەکانی، بە فەتوای خومەینی دەستی کرد بە فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر. سپای پاسداران دوای شەڕ، دەرفەتی بۆ ڕەخسا تا لە پاڵ پەرەدان بە قاچاغی مادەی هۆشبەر، بە دەستڕاگەیشتن بە دەیان ئیسکلە، فڕۆکەخانە و ڕێگەی سنووری، خەریکی هەناردە و هاوردەکردنی کاڵای قاچاغی جۆراوجۆر بێت. سپا لە پرۆسەی چالاکییە ئابوورییەکانیدا و لە ڕێگەی ئەو پڕۆژە دەیان ملیار دۆلارییانەی لە بواری نەوت، گاز و پترۆکیمیا زەوتی کردن، بەرەبەرە بوو بە گەورەترین دامەزراوەی ئابووری-سەربازی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندیدا. سپا لە پاڵ ئەمەشدا، ئیمکانی دایە فەرماندەکانی تا لە ڕێگەی بونیادی تەعاونەوە بەسەر بازاڕە داراییەکاندا زاڵ بن؛ بەڵام بەرهەمی هەموو ئەمانە، پێکهێنانی ئابوورییەکی شپرزە و قەیراناوی بوو بۆ وڵات.

هەروەها سپا خاوەنی ڕێکخراوێکی ئیستخباراتی و سیخوڕیی هاوتەریبە. سپا بە فەرمی لقی کردەیی دەرەکیی (برون مرزی) هەیە و لە ئەرژەنتین و ئەمریکای لاتینەوە تا ئەورووپا، باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تۆڕەکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە.

سپای قودس

سپای قودس یەکێک لە باڵە ناسراوەکانی سپای پاسدارانە کە لە دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ بە مەبەستی چالاکی لە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم لە ناو خاکی عێراقدا دامەزرا. ئەم هێزە لەژێر دەمامکی چالاکیی کولتووری و هونەری لە دەرەوەی ئێراندا، چالاکیی زانیاری و ئیستخباراتی دەکات. ئەرکی سەرەکیی سپای قودس، ڕێکخستن و پڕچەککردنی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانە کە ئەجێندای ئێران لە ناوچەکەدا جێبەجێ دەکەن.

کوشتن، ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوەی سنوورەکان، ئەرکی ئەم هێزەیە. ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە سپای تیرۆریستیی پاسداران دژ بە گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد، بە کوشتن، زیندان، ڕفاندن و مووشەکبارانی بارەگاکانی هێزە کوردییەکان، چالاکیی تیرۆریستی دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین سپای پاسداران نەک هەر هێزێکی سەربازیی سەرکوتگەر لە ناوخۆی ئێراندا نییە، بگرە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو جومگە ئابووری، سیاسی و سەربازییەکانی ئێرانی بەدەستەوە گرتووە. بۆ پاراستنی بنەماکانی ویلایەتی فەقیە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی، لە ڕێگەی سپای قودسەوە هەموو ئامرازێکی دژەئینسانی و تیرۆریستی بەکار هێناوە.

سپای پاسداران جێبەجێکاری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕژێمە بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و بە دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستیی دیکە، دەستی لە کاروباری وڵاتانی وەک عێراق، سووریا و لوبنان وەرداوە. ئامانجی ئەم سپایە پێکهێنانی «هیلالی شیعە» بووە بە خەرجکردنی بودجەی خەیاڵی، کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد و گۆڕانکارییەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەر، بە باشی شکستەکانیمان بینی؛ بەڵام دوای ئەم هەموو شکستەش، هێشتا دەستی لە پشتیوانیی دارایی و لۆجیستیکیی هێزە توندڕەوەکان هەڵنەگرتووە.

کۆماری ئیسلامیی بۆ لەناوبردنی دژبەرانی خۆی، هەموو ئامرازەکانی کوشتوبڕی خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە. هێرشی درۆنی، مووشەکبارانکردنی ئۆردوگاکان، کەمین دانانەوە لەسەر ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکانی هێزی پێشمەرگە، بۆمب دانانەوە و تەقەکردنی شەوانە بە چەکی قورس، بەشێکن لە مێژووی قێزەونی ئەم سپایە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە باشووری کوردستان. بەشێکی هەرە زۆری بنەماڵەی پێشمەرگەکان، کە لە ژنان و منداڵان پێکهاتوون و لە ئۆردوگاکان نیشتەجێن، وێڕای پێشمەرگەکان دەبوونە ئامانجی کوشتن. کەواتە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی پێش ئەوەی تەنیا لەناوبردنی پێشمەرگە و کادیران بێت، بگرە لەناوبردنی ژنان و منداڵانیش بووە کە بۆ ئەو مەبەستە نموونە یەکجار زۆرن.

کۆمەڵە وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ و چالاک، بەردەوام جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی بووە. پێگەی کۆمەڵە لەناو کۆمەڵانی شۆڕشگێڕی کوردستان و خۆشەویستیی پێشمەرگەی کۆمەڵە حاشاهەڵنەگرە؛ هەر ئەمەش بووەتە هۆی سەرئێشە بۆ ڕژێم. کۆماری ئیسلامیی بۆ ساتێکیش لە زەبروەشاندن لە کۆمەڵە و شۆڕشی کوردستان غافڵ نەبووە و بەردەوام هەوڵی داوە بزووتنەوەکە لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. بۆیە تیرۆرکردن و لەناوبردنی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەم ڕژێمەوە، لە دەستووری کاردایە. بەداخەوە کۆمەڵەش زۆرجار کەوتە داوی پیلانەکانیان و باشترین و دڵسۆزترین هاوڕێکانمان بە دەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامیی خەڵتانی خوێن کران.

Dwaroj


بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

# ستراتیژیی ئاگر و ئاگربەست؛ ترەمپ و نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست





**سۆران محەمەدی**

لە ڕوانگەی دۆناڵد ترەمپەوە، بڕیاری درێژکردنەوەی ئاگربەست بەبێ دیاریکردنی کات، ستراتیژیترین هەنگاوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن. ئەم دۆخە «هەڵواسراوە» نەک هەر فشارەکان لەسەر ئیدارەکەی کەم دەکاتەوە، بگرە باری قورسی تەنگژەکان دەخاتە سەر شانی وڵاتانی ناوچەکە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا چین و ئەورووپا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەکاتەوە. ئەم بڕیارە پێگەی ئەمریکا لە کەرتی وزەدا دەگەیەنێتە ئاستێکی مێژوویی. پیشەسازییەکانی چین کە ساڵانێکە سوود لە نەوتی هەرزانی ئێران و ڤەنزوێلا وەردەگرن، بە توندکردنی گەمارۆکان ئەو سەرچاوە گرنگە لەدەست دەدەن؛ ئەمەش تێچووی بەرهەمهێنان لە چین بەرز دەکاتەوە و توانای کێبڕکێی ئەو وڵاتە لە بازاڕە جیهانییەکاندا کەمدەکاتەوە. هاوکات ئەورووپاش کە دوچاری تەنگژەی سووتەمەنی بووە، ناچار دەبێت بۆ ڕزگارکردنی پیشەسازییەکانی، مل بۆ واشنتۆن کەچ بکات. ترەمپ ئاگری کردووەتەوە و هیچ پەلەیەکی لە دامرکاندنەوەی نییە؛ ئەو چاوەڕێ دەکات تا ئەورووپاییەکان بێنە سەر چۆک و تکای لێ بکەن.

دۆناڵد ترەمپ نەک هەر سیاستمانێکی ئاسایی نییە، بگرە دیاریدەیەکی تایبەتە کە بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت پابەندی هیچ ڕێسایەکی دیپلۆماسی نییە. لە کاتێکدا ڕێبەرانی ئەورووپا لەناو بیرۆکراسییەکی کۆن و بۆگەنبوودا گرفتارن، ترەمپ بە ڕەفتارێکی توند و مامەڵەگەرانە کار دەکات. کەسایەتیی ئەو پڕە لە دژبەری؛ ئەو کە نەوەی کۆچبەرانە، ئێستا بووەتە سەرسەختترین دوژمنی بیانییەکان. ترەمپ وێنای ڕاستەقینەی سەرمایەداریی «پاشمۆدێرن»ە؛ جیهانێک کە تێیدا چەمکەکانی وەک مرۆڤایەتی، ئەخلاق و وەفاداری بە تەواوی نامۆن و لای ئەو باس کردن لە بەها مرۆییەکان کارێکی بێمانا و پووچە. شیکاریی ڕەفتاری ئەورووپا لە قەیرانەکانی ئەم دواییەدا، پەردە لەسەر ڕاستییەکی شەرمەزارکەر لادەبات. ئەورووپاییەکان بە نمایشە ناوخاڵییەکانیان، ملهوڕی و بێوەفایی خۆیان سەلماند؛ ئەوان نەک هەر یارمەتیی ڕاستەقینەی ئۆکرانیایان نەدا، بگرە جەنگیان بۆ ئەو خەڵکە کردە یارییەکی کۆمپیوتەری و تەنیا کاتێک ئامادەی ڕادەستکردنی چەک بوون کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت.

ئەم جۆرە مامەڵە کاسبکارانەیە لە چاوی تیمی ترەمپ دوور نەماوە؛ هەر بۆیە پیت هێگست دەڵێت «سەردەمی مفتەخۆری تەواو بووە». ئەمریکا چیتر ئامادە نییە تێچووی ئاسایشی ئەورووپا و ناوچەکە بدات، لە کاتێکدا ئەوان تەنیا خەریکی وتاری بێناوەڕۆکن. ستراتیژیی ئەمریکا بەرامبەر بە تاران لەسەر مۆدێلی لیبیا داڕژراوە: «چەکداماڵین، گەمارۆی توند و هاندانی شەڕی ناوخۆ». ئامانجەکە داڕمانی یەکجاریی ئابووریی ئێرانە تا سیستەمەکە لە ناوخۆوە تووشی لێکهەڵوەشان بێت. لەناو ئەم گەمە گەورەیەدا، پاراستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک ئەکتەرێکی سەقامگیرکەر، بایەخێکی ستراتیژیی هەیە. ڕژێمی تاران بەهۆی مەترسیی ئەم هێزە، ئامادەیە تێچوویەکی زۆر بدات بۆ لێدانی هەر یەکەیەکی پێشمەرگە. خەرجکردنی درۆنێک بۆ شەهیدکردنی تەنیا یەک پێشمەرگە، پێش ئەوەی نیشانەی هێز بێت، گوزارشتە لەوەی تاران کوشتنی هەر تاکێکی ئەم هێزە بە دەستکەوتێکی گەورەی سیاسی و ورەیی دەبینێت.

جووڵە سەربازییەکانی ئەمدواییەی ڕژێم، چ لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و چ لە ڕێگەی تیرۆری دەوڵەتی لە باشوور، گوزارشت لە قۆناغی کۆتایی و بنبەستی سیاسیی تاران دەکەن. ئەزموونی مامەڵە لەگەڵ ترەمپ و بێکردەوەیی ئەورووپا دەیسەلمێنێت کە لە جیهانی بێبەزەیی مامەڵەگەرەکاندا، هیچ لایەنێک نابێتە پشتوپەنای ئەویتر. دڵخۆشکردن بە پشتیوانیی ترەمپ یان ناوبژیوانیی ئەورووپا، تەنیا بەفیڕۆدانی توانای نەتەوەییە. نابێت لەژێر سێبەری سەرینە دڵنیایی کەسانی تردا خەو بمانباتەوە؛ چونکە لەم کێبڕکێیەی دەسەڵاتدا، تەنیا ئەو کەسەی لەسەر پێی خۆی دەوەستێت چانسی مانەوەی هەیە.

## دواستوون

### یەکی ئەیار؛ کرێکارانی کوردستان لەنێوان بەرداشی شەڕ و بێدەربەستیی دەسەڵاتدا

**وەنەوشە سەقز**

یەکی ئەیار لە کاتێکدا دێتەوە کە سیمای شارەکانی کوردستان و ناوچە پیشەسازییەکانی ئێران، لەژێر سێبەری قورسی شەڕ و وێرانکاریی ژێرخانە ئابوورییەکاندا، ڕەنگێکی خەمناک و پڕ لە نیگەرانیی گرتووە. بۆ کرێکاری کورد و تەواوی کرێکارانی ئێران، ئەمساڵ ڕۆژی کرێکار نەک هەر یادکردنەوەیەکی مێژوویی نییە، بگرە هاواری مان و نەمانە لەناو جەنگێکدا کە سووتەمەنییەکەی جەستەی ماندووی ڕەنجدەرانە. هێرشە بەردەوامەکان بۆ سەر کەرتی پترۆکیمیای عەسەلوویە، پترۆکیمیای مەروودەشت و پیشەسازییەکانی پۆڵا، تەنیا لێدان نییە لە کەرتی وزە، بگرە ڕاستەوخۆ بڕینی ڕەگی بژێویی هەزاران خێزانە. لە پارێزگایەکی وەک خوزستان کە جەمسەرێکی گرنگی کارە، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کرێکار تەنیا لە چەند مانگی ڕابردوودا بێکار بوون. ئەم قەیرانە نەک هەر باشووری ئێرانی گرتووەتەوە، بگرە کاریگەرییەکی وێرانسازی لەسەر شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش جێهێشتووە؛ بۆ نموونە لە شارێکی وەک سەقز، چەندین کارگەی گەورە لە ناوچە پیشەسازییەکاندا بەهۆی نەگەیشتنی کەرەستەی خاوی وەک ئاسن و پلاستیک لەکار کەوتوون، کە دەرەنجامەکەی بێکاربوونی نزیکەی ٢٥٠٠ کرێکار و ئەندازیارە کە ئێستا بێ هیچ داهاتێک لەماڵەوەن.

لەلایەکی دیکەوە، ڕێگریکردن لە نەوتفرۆشتن و پڕبوونی کۆگاکانی نەوتی ناوخۆ لەم هەفتەیەدا، مەترسیی ئەوەی دروست کردووە کە بیرەنەوتەکان لەکار بکەون و تووشی داڕمان بن؛ ئەمەش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی کە بڕبڕەی پشتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە. لە کاتێکدا میدیاکانی سەر بە دەسەڵات، وەک ڕۆژنامەی «قودس»، شکستی دانوستانەکان و تەشەنەکردنی شەڕ وەک «شیرینی» و «دەستکەوت» وەسف دەکەن، دیارە کە تووشی جۆرێک لە «نەبوونی خەیاڵ و ویژدان» بوون. ئەوانەی لە نووسینگەکانیانەوە مژدەی جەنگ دەدەن، هەرگیز هەستیان بە ئازاری کرێکارانی بێکاربوو نەکردووە و تێناگەن کە جەنگ بۆ کرێکار تەنیا دروشم نییە، بگرە خاڵیبوونی سفرە و تێکچوونی دەروونیی منداڵەکانیانە. ئەمڕۆ بازاڕەکان پڕن لە کاڵا، بەڵام گیرفانەکان خاڵین؛ گرانیی گۆشت، هێلکە و شیرەمەنی گەیشتووەتە ئاستێک کە بۆ کرێکارێکی بێکار، بووەتە خەونێکی دەستنەکەوتوو. ئەزموونی مێژوویی، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٦ لە کانەکانی «تاکاهاگی»ی ژاپۆن ڕوویدا، نیشانی دەدات کە کرێکاران کاتێک کارگەکانیان پەکدەخرێت، دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەری و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان بگرنە دەست تا ڕێگری لە داڕمانی ژیان بکەن. بەڵام لە ئێراندا، نەک هەر ڕێگە بەم جۆرە خۆڕێکخستنە نادرێت، بگرە هەموو هەوڵێکی کرێکاران بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانیان بە «تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی» ناو دەبرێت.

لەم یەکی ئەیارەدا، کرێکارانی کوردستان و ئێران لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدان. لەلایەکەوە ژێرخانی ئابووریی وڵات لەناو دەچێت و لەلایەکی ترەوە دەسەڵات بێباکە لە چارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ کە بوونەتە قوربانیی سیاستە هەڵەکان. ڕێزگرتن لەم ڕۆژە، تەنیا بە دروشم نابێت؛ بگرە پێویستە هاوکاری و یەکگرتوویەکی نەتەوەیی و چینایەتی دروست ببێت تا ڕێگری بکرێت لەوەی زیاتر لەمە کەرامەتی مرۆیی کرێکاران لەناو ببرێت.

**پیرۆز بێت یەکی ئەیار، ڕۆژی هاوخەباتی و خۆڕاگریی ڕەنجدەران.**